ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# چێوە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا

هێرش عوسمان حسێن[1]، کاروان عومەر قادر[2]

[1,2]بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: hersh496@gmail.com[1], karwan.qadir.@univsul.edu.iq[2]

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات شیکردنەوە بۆ چوارچێوەی واتایی لە زمانی کوردیدا بکات. بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوەکە لە ڕوانگەی قوتابخانەی زمانەوانی درکپێکردنەوە پشت بە تیۆری (سیمانتیکی چوارچێوەیی/Frame Semantics)ی چارلز فیلمۆر دەبەستێت وەك یەکێك لە تیۆرەکانی سیمانتیکی درکپێکردن، کە تیۆرەکە گرنگی بە پاشخانی قسەکەران و کۆزانیارییەکان دەدات. شرۆڤەی چوارچێوەی واتایی و گرنگییەکەی لە ژیانی ڕۆژانەدا دەکات و ئەوە دەردەخات، کە توخمە زمانییەکان لە ئاوەزدا بەپێی ئەزموونی مرۆڤەکان چوارچێوەیەك دەوروژێنن، پەیوەست بەوەی ئەو توخمە لە ئاوەزدا چۆن بەکۆدکراوە. بانگەشەی ئەوە دەکات ئێمە تەنها کاتێك لە چەمکێك تێدەگەین، کە ئەزموونێکی بەرجەستەمان لەگەڵیدا هەبێت. باوەڕیوایە چەمکەکانی چوارچێوەیەك لە یادگەی مرۆڤدا هەڵدەگیرێن و لە کات و شوێنی پێویستدا پەیوەندی بە چوارچێوەکانیانەوە دەکەن، هۆکاری بەکارهێنانی میتافۆڕیانەی چەمکەکان دەستنیشاندەکات، هەروەها ئەوەش ڕوندەکاتەوە ئاخێوەر بەپێی ڕوانگە و دنیابینی خۆی بۆ وەسفکردنی دیمەنێك ئەو چەمکانە کامانەن، کە بەکاریاندەهێنێت؟ لێرەوە لێکۆڵینەوەکە مەبەستیەتی چوارچێوەی واتایی وشەکان پەیوەست بە ئەزموونەوە لە زمانی کوردیدا شیبکاتەوە، لە هەمان کاتدا ئەو چەمکانەی لە ناو چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بەکاردێن کامانەن؟

**کلیلە وشە:** سیمانتیکی چوارچێوەیی، ئەزموون، یادگە، درکپێکردن، سیمانتیکی ئینسکلۆپیدی.

**الملخص:**

تحاول هذه الدراسة تحليل الإطار الدلالي في اللغة الكردية. ولتحقيق هذا الهدف، تم تناول الموضوع من منظور علم اللغة الإدراكية، بالاستناد إلى نظرية "الدلالات الإطارية (Frame Semantics)" "لتشارلز فيلمور، بوصفها إحدى النظريات الدلالية الإدراكية التي تركز على خلفية المتكلم والمعرفة المرتبطة به. تتناول هذه النظرية مفهوم الإطار الدلالي وأهميته في الحياة اليومية، وتُبرز فكرة أن الوحدات اللغوية تُفهم ضمن أطارٍ تستند إلى التجارب الإنسانية، وأن هذه الوحدات تُنظَّم وفقًا للطريقة التي تُرمَّز بها داخل اللغة. تشير النظرية إلى أن فهم المفردات لا يتحقق إلا إذا كانت لدى المتكلم تجربة مميزة تتعلق بها. ويُعتقد أن العناصر المكوّنة للإطار تُخزَّن في ذاكرة الإنسان، وترتبط عند الحاجة بالأطر المناسبة. كما أن استخدام هذه العناصر بصورة استعاريّة يدلّ على هذا الترابط، ويُظهر كيف أن الفرد، وفقًا لرؤيته للعالم وفلسفته الحياتية، يختار عناصر معينة لوصف موقفٍ ما. ومن هنا، تهدف هذه الدراسة إلى تحديد الأطر الدلالية للكلمات في اللغة الكردية المرتبطة بالتجربة، وفي الوقت نفسه تحديد العناصر التي تُستخدم ضمن إطار دلالي معيّن.

**الكلمات المفتاحية:** الدلالات الإطارية، التجربة، الذاكرة، الإدراك، الدلالات المعرفية.

**Abstract:**

This study attempts to analyze Frame Semantics in Kurdish language. For this purpose, the study is conducted from the perspective of Cognitive Linguistics school based on the theory of (Frame Semantics) of Charles Fillmore as one of the theories of cognitive semantics, which focuses on the background and knowledge of the speakers. He explains Frame Semantics and its importance in everyday life and demonstrates that linguistics elements in mind evoke a frame according to one's experience, depending on how that element is encoded in mind. He claims that we only understand a concept when we have tangible experience with it. He believes that the concepts of a frame are stored in human memory and relate to their frames at the right time and place, he determines the reasons for the metaphorical usage of concepts, furthermore he explains how a speaker uses those concepts to

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

describe a scene based on their own perspective and viewpoint? Hence the study aims to determine the frame semantics of words related to experience in Kurdish language, at the same time what are those concepts that are used in a specific frame?

**Key words:** Frame Semantics, Experience, Memory, Cognitive, Encyclopedic Semantic

## پێشەکی

زانستی زمانی درکپێکردن وەك لقێکی گرنگی زانستی زمان لێکدانەوەکانی بۆ زمان بە جۆرێکە، کە پێیوایە زمان تەنها پەیوەست نییە بە لایەنی ئاوەزی و لە دنیای دەرەوەی مرۆڤ دابڕاو بێت، بەڵکو زمان بە سەرجەم ئەزموون و شارەزاییە کلتوری و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤەوە پەیوەستە. هەموو ئەمانە لە گەشەکردنی شارەزایی و توانای زمانیی مرۆڤ ڕۆڵدەبینن، باوەڕیوایە مرۆڤ بۆ ئەوەی نەخشەی چەمکێك لە ئاوەزیدا بکێشێت، لە ڕێگەی سەرجەم کەناڵەکانی وەرگرتنی زانیاری (هەستەکان) زانیارییەکان وەردەگرێت و لە ئاوەزدا دایاندەکات و بەکۆدیاندەکات. لە زانستی زمانی درکپێکردندا لایەنی واتا بەشێکی گرنگی خودی قوتابخانەکە و لایەنە تیۆرییەکەی پێکدەهێنێت. لێرەوە لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (چێوە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا) لە ڕوانگەی سیمانتیکی درکپێکردن و بە بەکارهێنانی تیۆری (سیمانتیکی چوارچێوەیی)ی (چارلز فیلمۆر) کە لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گەشەپێداوە، شیکردنەوەکانی ئەنجامدەدات. کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە زاری کرمانجی ناوەڕاست. وشە و ئاخاوتنەکانی ڕۆژانە لە نمونەکاندا بەکارهێنراوە. هۆکاری هەڵبژاردنەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە چوارچێوەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا ئامادەییەکی بەرچاویان هەیە و هۆکارێکی گرنگی پەیوەندیکردن و تێگەیشتنن، بەبێ درکپێکردنی چوارچێوەکان لە پێواژۆی ئاخاوتندا نە لە چەمکەکان تێدەگەین و نە دەتوانین وشەی گونجاو پەیوەست بە چوارچێوەکە بەکاربهێنین. ئەمە جگە لەوەی ئەگەر ئاشنای چوارچێوەکان نەبین توانای تێگەیشتنمان لە میتافۆڕ نابێت. پرسیاری سەرەکی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە، کە چۆن وشە و دەربڕاوە زمانییەکان لە چوارچێوەکاندا بەکاردێن؟ چۆن دەتوانن چوارچێوەکانیان بگۆڕن؟ یان چوارچێوەیەك چۆن دەکرێت بە چەند توخمێك گوزارشتی لێبکرێت؟ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی (درکپێکراوی شیکاری). سنوری لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە سیمانتیکی ئینسکلۆپیدی. لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت. لە بەشی یەکەمدا بنەمای تیۆری سیمانتیکی چوارچێوەیی خراوەتەڕوو. لە بەشی دووەمدا لایەنی کارەکی تیۆرەکە و گرنگی لە ژیانی ڕۆژانەدا بە نموونەی زمانی کوردی شیکراوەتەوە.

### 1) بەشی یەکەم: سیمانتیکی چوارچێوەیی (بنەما و تێڕوانین)

### 1/1 بنەما گریمانەییەکانی سیمانتیکی چوارچێوەیی:

سیمانتیکی چوارچێوەیی ڕاستەوخۆ وەك تیۆرییەك پێشکەشنەکراوە، بەڵکو بە چەند قۆناغ و لە چەند کاتێکی جیاوازدا خراوەتەڕوو، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردودا لە چوارچێوەی ڕێزمانی باروحاڵەتدا خرایەڕوو، پاش ڕەخنە و سەرنجەکان لە سەر ڕێزمانی بار و حاڵەت (فیلمۆر) لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دووبارە بە سەر تیۆرەکەدا چووەوە، لە ژێر ناونیشانی (سیمانتیك چوارچێوەیی)دا تیۆرەکەی ناساند، دواتر لە نەوەدەکاندا بووە بنەما بۆ پڕۆژەی (تۆڕی چوارچێوە/Frame Net) و (ڕێزمانی بونیادنان/Construction Grammar).

### 2/1 ڕێزمانی بارو حاڵەت وەك بنەمای سیمانتیکی چوارچێوەیی:

فیلمۆر (1929_2014) وەك زمانەوانێك سەرەتا لە چوارچێوەی بۆچوونەکانی قوتابخانەی بەرهەمهێناندا کاریدەکرد، یەکێك لەو کارانەی بەپێی بنەماکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان پێشکەشیکردووە (Case for case1968)ە، کە "سیستەمێکە بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی. لەم توێژینەوەیەدا (فیلمۆر) پێشنیازی دەستەیەکی سنوردار لە ڕۆڵی واتایی کردووە، کە بە حاڵەتە قوڵەکانیش ناسراون. وەك داتیڤ، ئامێری...هتد."(Boas,2020:23)، واتە لە ڕۆڵی بەشداربوانی دیمەنێك دەدوێت، لەم کارەیدا بۆچونی خۆی دەربارەی دۆخی ڕێزمانی لە سەر بنەمای بە بڕشتی کردارەکان و ڕۆڵی واتایی ئارگومێنتەکانی کردار دەخاتەڕوو، کە تێیدا هەر ئارگومێنتێك تەنیا یەك ڕۆڵی واتایی پێدەسپێردرێت، ڕۆڵی واتایی وا دانراوە، کە بۆ سەرجەم زمانەکان گونجاوە، واتە تیۆرییەکی جیهانییە، پێشنیازی چوارچێوەکانی دۆخ/Case frames بۆ کردارەکان دەکات، بە مەبەستی پێدانی بەهای واتایی، بانگەشەی ئەوە دەکات چوارچێوەی دۆخەکان نەخشەکێشانە سینتاکسییەکان دادەڕێژن "پوختەی ئەم تیۆرەش بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئاستێکی زۆر قوڵ لە ڕۆنانی ژێرەوەدا، بە ڕادەیەك نەك هەر تەنیا پۆلە کەرەستەکان، بەڵکو ئەرکەکانیشیان نیشان دەدات"(سەعید.9:2010).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

لە سەرجەم زمانەکاندا سەرنجی لە سەر کردار و ڕۆڵە واتاییەکانە، لێکۆڵینەوە لە کردار و دەوروبەرە زمانییەکەیەتی، (فیلمۆر) باوەڕیوایە لە ئاستی ژێرەوەدا کۆمەڵێك دۆخ هەن و گشتین، باوەڕی بە بنەمای دۆخ لە هەموو زمانەکاندا هەیە "لە تیۆرەکەیدا دەیویست وەڵامێکی ئەو پەراوێزخستنەی چۆمسکی و ڕێزمانی بەرهەمهێنان بۆ سیمانتیك و پێکهاتە قووڵەکانی ڕستە بداتەوە"(محمد،43:2015). فراوانتر لە زاراوەی دۆخ دەدوێت، دانانی نیشانە و مۆرفیمەکانی دۆخ پشتگوێدەخات، تا بتوانێت شرۆڤەی پەیوەندییە واتایی و ڕستەسازییەکان بکات و ئەوە دەخاتەڕوو، کە "دەتوانرێت لێکۆڵینەوە لە دۆخەکان لە بەرهەمدارترین شێوە بەدواداچونی بۆ بکرێت، ئەگەر واز لەو گریمانەیە بهێنین، کە تایبەتمەندییەکی بنەڕەتیی دۆخی ڕێزمانی پۆلەکان دەربڕینە لە شێوەی پاشگردا لە سەر توخمەکان"(Fillmore.1968:21)، چونکە مەرج نییە مۆرفیمەکانی دۆخ لە هەمو زمانەکاندا هەبن "بە ڕای فیلمۆر گیرەکەکانی دۆخ، کە وەك (سەر و بۆر و ژێر) لە زمانی عەرەبیدا دەبینرێن، هەموو سەر بە ئاستی سەرەوەن"(سەعید،19:2010)، واتە دۆخە ڕێزمانییەکانی وەك (کارا، ئامێر، کارتێکراو.....) بۆ بەرجەستەکردنی ئەرکە ڕێزمانییەکانی توخمە زمانییەکانن. بە بۆچونی (فیلمۆر) دۆخ سروشتێکی ڕستەسازی هەیە، نەك وشەسازی، لە لێکۆڵینەوەکانی پێش فیلمۆر "ڕۆڵی سیمانتیکی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە واتای کردار پێناسە دەکرا"(Baos,Dux,2017:3). ئەگەرچی لە کاتی خۆیدا سەرەتا پێشنازەکەی (فیلمۆر) جێی بایەخ بوو، بەڵام لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕەخنەیەکی زۆر لەو بۆچونەی (فیلمۆر) گیرا، فیلمۆر خۆشی (1977) ڕەخنە لە ڕوانینە سەرەتاییەکانی دۆخی ڕێزمانی دەگرێت، بەڵام ئەوەش دەخاتەڕوو "مەبەستی سەرەکی ئەو تەنیا پەرەپێدانی شێوازێك بوو بۆ دەستنیشانکردنی دۆخە جیاوازەکان و تایبەتمەندکردنی ڕێکخستنی پێکهاتەی دۆخی ڕستەکان"(Boas,Dux,2017:3). لەم ڕوانگەیەوە بانگەشەی ئەوە دەکات نابێت واتای کردار لە ڕوانگەی واتای ئەرگومێنتەکانییەوە بناسێنرێت، بەڵکو "دەتوانرێت بەشداربوانی تایبەت لە ڕوداوەکەدا، لە ڕستەی پەیوەندیداردا ڕۆڵێکی ڕێزمانییان پێبدرێت"(Fillmore,1977:58)، واتە تیۆرەکە زیاتر بریتییە لە دیاریکردنی ڕۆڵی واتایی پێکهاتەکانی ڕستە، ئەم ڕۆڵە واتاییەش بە جێکەوتەیەکی دیاریکراو لە ڕستەدا نەبەستراوەتەوە، واتە جیاوازی تیۆرەکەی فیلمۆر لەگەڵ بۆچونەکەی پێش خۆی ئەوەیە، جێکەوتەی ڕستەسازی تەنها بۆ ڕۆڵێکی واتایی دیاریکراونییە، وەك لە ڕستەی (1.أ،ب)دا دەردەکەوێت:

1_أ. ئاسۆ گوێزەکەی بە بەردەکە شکاند.

ب. بەردەکە گوێزەکەی شکاند.

بەپێی ڕوانگەی ڕێزمانی بار و حاڵەت لە ڕستەی (1.أ)دا (ف.ن، ئاسۆ) لە دۆخی (کارا)دایە، (ف.پ.ن، بە بەردەکە) دۆخی ئامێری هەیە، بەڵام لە ڕستەی (1.ب)دا (ف.ن، بەرد) هەر لە دۆخی ئامێریدایە، واتە لە هەردوو ڕستەکەدا سەرەڕای جیاوازی دارشتەی ڕستەسازی، بەڵام فرێزی (بەردەکە) هەر لە دۆخی ئامێریدایە. ئەگەرچی بەپێی ڕوانینی ڕێزمانی باو لە ڕوی جێکەوتی ڕستەسازییەوە لە ڕستەی (1.ب)دا لە شوێنی (بکەر/Nominative)دایە، تەنانەت لە گۆڕینی بکەردیار بۆ بکەرنادیاریش فرێزی (بە بەردەکە) لە دۆخی ئامێری و زەمینەدا دەمێنێتەوە، کە لە ڕستەی (2)دا بەرچاودەکەوێت:

2_ گوێزەکە بە بەردەکە شکێنرا.

بە گشتی تیۆرەکە وەك تیۆری چوارچێوەی کردار ناسراوە، تا ڕادەیەك ڕەنگدانەوەی ئەو پرسیارانەی مرۆڤە سەبارەت بە کردەیەك، کە لەلایەن کێ ئەنجامدراوە؟ چی ئەنجامداوە؟ بۆ نمونە چوارچێوەی کرداری (گرت) دەتوانین بەم جۆرە لێکبدەینەوە، بە مەبەستی نواندنی پەیوەندیی نێوان ڕۆڵی واتایی و ڕستەسازی، پێویستی بە ڕۆڵی (کارا، بەرکار/باس ....) هەیە، هەر وەك لە نموونەی (3.أ،ب)دا دەنوێنرێت:

3_أ. پۆلیسەکە تاوانبارەکەی لە ماڵەوە گرت.
ب_ پۆلیسەکە تاوانبارەکەی گرت.

**خشتەی ژمارە (1) نواندنی ڕۆڵە واتاییەکانی چوارچێوەی کرداری (گرت)**

| کارا | بەرکار/بابەت | ف.پ.ن | کردار |
|---|---|---|---|
| پۆلیسەکە | تاوانبارەکە | لە ماڵەوە | گرت |

ئاماژە بەوە دەکات هەندێك لە فرێزەکان بە خورتین لە ناو چوارچێوەی ڕستەکاندا و هەندێکیشیان سەرپشکین، بۆنموونە لە ڕستەی (3.أ )دا (ف.پ.ن لە ماڵەوە) سەرپشکییە، بەڵام لە ڕستەی (4)دا (ف.پ.ن لە گەچ) لە ڕستەکەدا بەخورتییە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص: 34-51

4_ پزیشکەکە دەستی نەخۆشەکەی لە گەچ گرت.

3/1 سیمانتیکی چوارچێوەیی/ Frame Semantics

سیمانتیکی چوارچێوەیی وەك تیۆرێکی واتاسازی، ئاماژەیە بۆ پەسنکردنێکی ڕێکخراویی واتا لە زمانە سروشتییەکاندا، یان "جەستەیەکی کۆزانیاریی یەکگرتووە، کە بە چەمکی وشەیەك گریمانەی پێشینە دەکرێت"(Cruse and Croft,2004:17). یەکێك لە تیۆرەکانی سیمانتیکی درکپێکردنە و لە لایەن (چارلز فیلمۆر)ەوە لە (1975_1976_1982_1985) پێشکەشکراوە. پێیوابوو دەکرێت لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە لە واتای توخمە زمانییەکان بکۆڵرێتەوە "بیرۆکەی بنەڕەتی ئەم تیۆرە بریتییە لەوەی، مرۆڤ ناتوانێت لە تاکە وشەیەك بگات بەبێ توانای گەیشتن بە هەمو کۆزانیارییە سەرەکییەکانی پەیوەست بەو وشەیەوە"(قادر.2024.وانەکانی خوێندنی باڵا/دکتۆرای زمان). بایەخ بە تۆڕبەندی واتایی وشە دەدات، پێیوایە چوارچێوە یەکسانە بە دارشتەی کۆزانیاری و چەمکەکان نوێنەرایەتی دەکەن، فیلمۆر سیمانتیك بەجۆرێك پێناسەدەکات، کە چوارچێوەیەکە هەمو چەمکە هاوشێوەکان لە خۆدەگرێت "هیچ نواندنێکی واتای سەربەخۆ/کرۆکە واتا، بۆ تاکە وشە بەردەست ناخات"(Roth,2008:5). ناوەرۆکی واتایی، یان واتای فەرهەنگی ڕەتدەکاتەوە، (Fillmore1982,1985) بانگەشەی ئەوەی کرد، کە تەنیا بە سیمانتیکی مەرجی ڕاستەقینە ناتوانین لە واتای وشەکان تێبگەین، لەبری سیمانتیکی وشە پێوستمان بە (سیمانتیکی تێگەیشتن/ Understand of Semantics)ە، لە سەرەتای ڕاگەیاندنی تیۆرەکەیەوە باوەڕیوابوو "ئەو ڕێبازانەی، کە سود لە دارشتە بنەڕەتییەکانی وشە وەردەگرن، ناتوانن بە باشی دەوڵەمەندیی واتایی وشەکان پیشان بدەن"(رحمتی نژاد و ئەوانی تر،61:1398). بەو پێیەی کراوەیی و هەمەجۆری واتای وشە، لایەنی دەرونی، جیهانی فیزیکی و کۆمەڵایەتی...هتد لەخۆدەگرێت، ڕێگە بە دیاریکردنی واتایەکی جێگیر نادەن، هەروەها پێناسەکردنی توخمە زمانییەکان کارێکی تا ڕادەیەك ئەستەمە، چونکە لە پاشخانیاندا وردەکارییەکی زۆری واتاییان هەڵگرتووە، لەم ڕووەوە تیۆرەکە لە خستنەڕوی دیدگای ئینسکلۆپیدی و بەچەمککردنی واتای زمانی لە ڕوانگەی ئەزموون، کلتورەوە ڕوانگەیەکی دەرکەوتووی زمانەوانیی درکپێکردن بوو، نواندنە جیاوازەکانی دارشتە زمانییەکان. لەم ڕوانگەیەوە تیۆرەکە "زیاتر جەخت لە سەر دانانی چوارچێوەیەکی سیمانتیکی پەیوەست بە بوونیادە ڕێزمانییەکانەوە دەکات"(غەریب،44:2016). تیۆرەکە پێیوایە بۆ تێگەیشتن لە واتای توخمێکی زمانی، دەبێت سەرنج بدەینە چوارچێوە سیمانتیکییەکەی، تا پێداویستییەکانی پەیوەست بە واتای ئینسکلۆپیدییەکەی و دارشتە ڕێزمانییەکەی بزانین. لەم بارەیەوە فیلمۆر (1968) پێیوایە سیمانتیکی چوارچێوەیی بونیادی دارشتەی وشەکان و ڕستەکان لەخۆدەگرێت و لێکدانەوەی واتایی گرێدراوی چوارچێوەکانە، واتە لە دوو ڕوانگەوە لە دارشتەی واتایی یەکە زمانییەکان دەکۆڵێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە (Fillmore,2010:223) ئاماژە بەوە دەکات، کە "چەمکی چوارچێوەم کردە کاری لە پێشینەی خۆم، (چوارچێوەی بار) لە ڕێزمانی بار و حاڵەتەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هەوڵمداوە کردارەکان بەپێی جۆری ئەو ڕوداو و بارودۆخانەی دەری دەبڕن ڕیزبەندبکەم" واتە تێڕوانین لە کردار لە ڕوانگەی بە بڕشتی، ژمارەی فرێزە پێویستەکانی لە چوارچێوەی ڕستەکاندا و سروشتە ئینسکلۆپیدییەکەی "بە بڕوای فیلمۆر هەر کردارێك ژمارەیەك نیشانەی واتایی هەڵدەبژێرێت، کە لە خودی (حاڵەتی چوارچێوەیی) کردارەکەوە دێت"(قادر،2024، وانەکانی خوێندنی باڵا/ دکتۆرای زمان). لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت ژمارەی فرێزە پێویستەکان بۆ دیاریکردنی بە بڕشتی کردار بە پێشمەرج دابنرێت، بۆ نموونە کرداری (دەرهێنا) لە بەکارهێنانە جیاوازەکاندا بە بڕشتییەکەی، لە ڕوی داواکردنی ئارگومێنتەکانی، هەروەها سروشتە ئینسکلۆپیدییەکەی ڕوندەبێتەوە، لە ڕوانگەی کۆزانیاریی زمانی/نازمانیی قسەکەر و گوێگرەوە. بۆ ڕاستاندنی ئەم بۆچوونە با لە نموونەکان ڕابمێنین:

5_أ. باوکەکە منداڵەکەی لە قوتابخانە دەرهێنا.
ب.دەرهێنەرەکە فیلمەکەی دەرهێنا.
پ.گۆزەیەك ئاومان لەبیرەکە دەرهێنا.
ت_ باخەوانەکە درەختەکەی لەبن دەرهێنا.

لە ڕستەی (5.أ)دا کردارەکە بۆ تەواوکردنی واتاکەی پێویستی بە (ف.ن)ی بەرکار و (ف.پ)هەیە، واتە هەردوو فرێزەکە وابەستەی چوارچێوەی بە بڕشتی کردارەکەن، بەڵام لە ڕستەی (5.ب)دا تە نیا پێویستی بە (ف.ن) بەرکار هەیە، واتە چوارچێوە سیمانتیکییەکەی تەنیا بەرکارێك لەخۆدەگرێت، لە ڕستەی (5.پ)دا چوارچێوەی سیمانتیکی کردارەکە (ف،ن)ی پێویستە، ڕستەی (5_ت) بە هەمان شێوە (ف،ن)ی بەرکار دەبێتە چوارچێوەی سیمانتیکی کردارەکە. لە هەمان کاتدا ڕستەکان نواندنی واتای ئینسکلۆپیدی کردارەکەن، بەکۆی هەمو نواندنە جیاوازەکان واتایەکی گشتگیر بەدەستهاتووە، ئەمەش ئەو خاڵەیە، کە تیۆرەکە بانگەشەی بۆ دەکات "واتا دارشتەیەکی ناوخۆیی هەیە، لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ دیمەنێك دیاریدەکرێت، کە چوارچێوەیەکی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

پاشخانی هەیە"(محمدی و ئەوانی تر،126:1401). ڕوانگەی دووەمی سیمانتیکی چوارچێوەیی ئەوەیە لە سروشتی واتای وشەکانی زمان دەکۆڵێتەوە لە ڕوانگەی واتای ئینسکلۆپیدییەوە، پەیوەست بە ئەزموون و پاشخانەوە، لەم ڕووەوە "سیمانتیکی چوارچێوەیی لە نەریتەکانی سیمانتیکی ئەزموونییەوە دێتە دەرەوە، نەك سیمانتیکی شێوازبەندانە"(Fillmore,1982:111). لەم ڕوانگەیەوە فیلمۆر پێیوایە "چوارچێوەکان توانای جیاکردنەوەی ئەو وشانەیان هەیە، کە چەندین واتایان هەیە، بەڵام بە ڕواڵەت هاوواتان، هەروەها قاڵبەکان دەتوانن پەیوەندییەکی واتایی لەنێوان واتای فەرهەنگی و واتای وشەسازی و ڕستەسازی بەرجەستەبکەن"(موسوی،229:1398)، بە تایبەتی بوارەکانی هەڵسەنگاندنی خاسیەت و بەهاکان بەشێوەیەکی گشتی بە چوارچێوەی وشەیی پشت دەبەستن، چوارچێوە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی ئەو پێوەرانەی ئاماژە بە خاسیەتەکان دەکەن، بۆ نموونە وشەی (خۆش) لێکدانەوە و بەکارهێنانەکانی بەستراوە بە زانینی چوارچێوە پێشنیازکراوەکانی، کاتێك دەڵێین (هەوایەکی خۆش، قاوەیەکی خۆش، ژیانێکی خۆش) دەزانریت وشەی (خۆش) لەگەڵ هەوادا دەتوانرێت هەڵسەنگاندنی ئەوە بکرێت مەبەست ئەوەیە نە گەرم نە ساردە، لەگەڵ قاوەدا مەبەست تامی قاوەکەیە، لەگەڵ ژیان مەبەست بێ کێشە و گرفتە، ئەمانە لە لایەن چوارچێوە درکپێکراوەکانەوە بۆ لێکدانەوەی خاسیەتی هەڵسەنگاندنەکان بەکاردێن، کە هەندێکیان پێشتر چوارچێوەی هەڵسەنگاندنەکان ئامادەن و هەندێکیان لە دەوروبەرەکەوە دابیندەکرێن، بەپێی ئەزموون و کۆزانیاری و چۆنێتی داکردن و بەچەمککردنی لە ئاوەزدا جیاوازە، چونکە "لەم تیۆرەدا وشەکان و واتای وشەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە نییە، بەڵکو لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە چوارچێوە باوەکانی پاشخانەوە بەیەکەوە گرێدراون"(موسوی،107:1398). ئەمەش ئەو خاڵەیە، کە بە شێوەیەکی گشتی سیمانتیکی درکپێکردن جەختی لە سەر دەکاتەوە، وشەکان قاڵب/تیاهەڵگری واتا نین، یان لە ڕستەکانی (6.أ، ب)دا هەردوو کرداری (دەرچوو، سەرکەوت) هاوواتان، کە فیلمۆر پێچەوانەی ڕێبازە سیمانتیکییەکانی تر بانگەشەی ئەوە دەکات لە زماندا هاوواتا بوونی هەیە، بەڵام لە چوارچێوەی جیاوازدا، چوارچێوەیەکیان واتای سیمانتیکی وشەکەیە و ئەوی تریان واتای میتافۆرییە:

6_أ.خوێندکارەکە لە تاقیکردنەوەکە سەرکەوت.
ب.خوێندکارەکە لە تاقیکردنەوەکە دەرچوو.

هەردوو کرداری (سەرکەوت، دەرچوو) لە ڕستەکاندا چەمکی بەدەستهێنانی ئەنجامێك دەگەیەنن. بەپێی ئەم تیۆرە هەر وشەیەك توانای چالاککردنی دەستەیەك لە وشەی تری پەیوەست بە خۆیەوە هەیە، واتە "چوارچێوەی سیمانتیکی بریتییە لە دارشتەیەکی لکێنراوی لۆژیکیانەی چەمکە پەیوەستکراوەکان"(قادر،2024، وانەکانی خوێندنی باڵا/دکتۆرای زمان). وشەیەك دەبێتە هەڵسوڕێنەری کۆمەڵێك وشەی تر، تا ڕادەیەك لە ڕوی دارشتەی سیمانتیکییەوە بەرجەستەکەری دارشتەی چەمکێکن، ئەو وشانەی پەیوەست بە چەمکەکەوە (توخمە چەمکییەکانی چوارچێوە) چالاکدەبن، وەك فیلمۆر (1975) جەختی لە سەر دەکاتەوە، توخمەکانی هەر چوارچێوەیەکیش وابەستەی ئەزموون و کۆزانیارین، بۆ نموونە لە چوارچێوەی ژەمەکانی خواردندا، ئەوانەی لە گوند نە ژیاون، یان ئەزموونی پیشەی کرێکاریان نەبێت، ناتوانن لە وشەی چێشتەنگاو تێبگەن، چونکە لە پێرەوی ژەمەکانی خواردنیاندا (بەیانی، نیوەڕۆ، ئێوارە) هەیە، ئەزموونی ئەوەیان نییە، لە نێوان نانی بەیانی و نیوەڕۆدا ژەمێکی تریش بەناوی (چێشتەنگاو) هەیە، کە لە گوند، یان کرێکارەکان لە نێوان کاتژمێر (8:30 بۆ 9:00) یە. ئەم جەختکردنەوە لە سەر ئەزموون وا دەکات بگوترێت سیمانتیکی چوارچێوەیی "بەرنامەیەکی توێژینەوەیە لە (سیمانتیکی ئەزموونی/Empirical Semantics)، کە جەخت لە سەر پەیوەندیی نێوان زمان و ئەزموون دەکات"(Petruck,1996:1). بە واتایەکی تر سیمانتیکی چوارچێوەیی "شێوە ڕێکخستن و پاڵنەرێکی ئەزموونییە، لێکۆڵینەوە لە واتای ئاوێتەکراوی دارشتەی یەکگرتوی چەمکە پەیوەندیدارەکان دەکات"(Roth,2008:5). نمایندەیەکی بنەڕەتی مەودای کۆزانیارییە، پێکدێت لە کۆمەڵێك وشە، کە لە چەمکێك، بارودۆخێك، ڕوداوێك یان شتێك دەدوێن، تەنانەت جەخت لە سەر ئەوە دەکرێتەوە کۆی یادگەی مرۆڤ بریتییە لە چوارچێوە، کاتان باوەڕیوایە، کە ئەم مۆدێلانە ڕەگێکی لە درکپێکردنە گشتییەکەی مرۆڤدا هەیە، دەبێت ئەزموونی مرۆڤ لە لێکدانەوەی واتاییدا لەبەرچاو بگیرێت، هەروەك لە ڕستەکانی (7)دا دیارە:

7_أ.مامۆستا ئەمڕۆ(پەیژەی بەیاتی) شیکردەوە.
ب.بەیانی(سەرقفڵانەکە) وەردەگرم.

وشە و فرێزەکان لە ڕستەکانی (7.أ.ب)دا بەبێ ئەزموون و پێشینەیەك تێگەیشتن لای بەرانبەر دروست ناکەن، چونکە وشەکان نمایندەی ئەزمونەکان دەکەن. تێگەیشتن لە ڕستەی (7.أ) کاتێك بەرجەستە دەبێت گوێگر/خوێنەر پاشخانێکی هونەری هەبێت، لە ناو هونەریشدا کۆزانیاریی مۆسیقی هەبێت، پارمەتیدەرە بۆ ئەوەی تێبگات (پەیژەی بەیات) جۆرێکە لە مەقام و لە چوارچێوەی هونەری مۆسیقادایە، لە ناو هونەری مۆسیقاشدا تایبەت بە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتییە، تەنانەت ڕەنگە وردەکاریی زیاتری تێدابێت، بۆ

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

نموونه (پەیژەی بەیاتی تورکی، کوردی و...هتد)، کە لە ڕوی تایبەتمەندیی تۆن و شوێنی دەستپێك و کۆتایی مەقامەکە لە یەکتر جیاوازن، ئەگەرچی سەر بەیەك ڕەگەز و پۆل بن. لە ڕستەی (7.ب)دا دەبێت گوێگر بایی ئەوەندە شارەزایی هەبێت، کە (سەرقفڵانە) شێوازێك لە شێوازەکانی بەکرێدانی موڵکە، بە تایبەت موڵکی بازرگانی، هەموو ئەمانەش سەلمێنەری ئەو بۆچونەن، کە پێیوایە "مەبەستی بنەڕەتی سیمانتیکی چوارچێوەیی نواندنی پاشخانی کۆزانیاریی قسەکەرانە پەیوەست بە وشە فەرهەنگییەکانی زمانەوە"(موسوی،229:1398). بەم پێیە سیمانتیکی چوارچێوەیی نوێنەرایەتییەکی ئاوەزییە، چەمکەکان وابەستەی ئەو نوێنەرایەتییەیان کردووە، جگە لەوەش "چوارچێوەی سیمانتیکی دارشتەیەکی یەکگرتووە بۆ چەمکە پەیوەندیدارەکان"(غەریب،47:2016)، بۆ نموونە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی (بێوەژن) لە رووبەر و چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەتوانین دەربارەی بدوێین، (بێوەژن) دەبێت ئافرەتێك بێت لە ڕوی بایەلۆژییەوە گەیشتبێتە تەمەنی شوکردن، شوی کردبێت و مێردەکەی مردبێت، لەو چوارچێوە تایبەتەدا وشەی (بێوەژن) بەکاردێت، لەگەڵ چەمکی بێوەژندا هاوکات چەمکەکانی (شوکردن، خێزان، هاوسەرگیری) دێنێتەوە و سنوری چوارچێوەکە ڕەنگرێژ دەکات. بەم شێوەیە ڕوانگەی گشتیی سیمانتیکی درکپێکردن ئەوەیە "ناتوانرێت لە وشەکان تێبگەین لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەی پێوەی پەیوەستە"(اردبیلی،روشن،75:1399)، واتە وشە و دانە زمانییەکان لە لایەن چوارچێوەکانیانەوە دەناسێنرێن، تێگەیشتن لە واتاکەی گرێدراوی ئەو چوارچێوەیەیە، هەروەها بەشێك لە واتای ئینسکلۆپیدی ئەوەیە "بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان کەرستە زمانییەکان چوارچێوەی جیاواز لە خۆدەگرن"(بابیر،116:2021). ئەم چوارچێوە جیاوازانەش دەبنە تەواوکەری سروشتی واتا ئیسکلۆپیدییەکە. ئەمەش ئەو بۆچونە دەسەلمێنێت، کە چەمکی چوارچێوە چەمکێکی فرە ڕەهەندە. ئەگەر بڕوانین لە وشەیەکی وەك:

8_ گەڵا

دەبێت ئەو دەوروبەرە دیاریبکەین، کە مەبەستمانە تێیدا وشەکە بەکاربهێنین، چونکە چوارچێوەی چەمکی (گەڵا) لە بازاڕی ئاڵوگۆڕی دراودا جیاوازە و دەچێتە چوارچێوەی دراوەکان و مامەڵە داراییەکانەوە، بەڵام لە دەوروبەرێکی تردا دەچێتە خانەی سروشت، ڕەنگ، ئەدەب، وەرزەکان.

(فیلمۆر) لە حەفتاکاندا گەشەی بە تیۆری ڕێزمانی بار و حاڵەتدا بەرەو ئاراستەی (سیمانتیکی چوارچێوەیی) وەك ڕێبازێکی گرنگ بۆ بە دەستهێنانی زانیاری دەبارەی وشە و واتا هەمەچەشنەکانی، شێوازێکی نوێ بوو بۆ پێکهاتەکردنی فەرهەنگ، بۆ دارشتنی سەرناوێك بۆ تیۆرەکەی چەمکی چوارچێوە (Frame)ی لە مینسکی (Minsky 1975) وەرگرتووە.

فیلمۆر (1976) لە ڕوانگەی دووان لە سروشتی زمانی مرۆڤ وەك تایبەتترین سیستەمی پەیوەندیکردن و جیاواز لە سیستەمەکانی تر، پێشنیازی (بەچوارچێوەکردن/Framing) دەکات، وەك یەکێك لە ڕێگاکانی خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی زمان، مەبەست "لە هەستکردن، بیرکردنەوە، پەیوەندیکردن، بۆ لێکدانەوەی شێوازی دارشتەی ئەزموونەکان، جێگرەوەیەکە بۆ ئەو بۆچونەی، کە چەمکەکان، یان پۆلەکان لە ڕێگەی پرۆسەی هاوتاکردنی کۆمەڵێك تایبەتمەندیی هەستکردن لەگەڵ وشەکان پێکدێن"(Filmore,1976:20). باوەڕیوایە لێکۆڵینەوە لە دارشتەی واتا گرنگترین ڕێگەیە بۆ نواندنی لایەنی تایبەتمەندیی زمان، ئەوە ڕووندەکاتەوە ئەو لایەنەی نمایندەی یاسا و ڕێساکانی خستنە تەك یەکی کەرستەکان دەکات دەبێتە ڕێزمانی زمانی مرۆڤ، تا ڕادەیەکی زۆر خاوەنی سروشتێکی هاوبەشی نێوان زمانەکانە، ئەو لایەنەی نمایندەی بابەت و کۆزانیاری و لیستکردنی فۆڕمە زمانییەکان دەکات بەشی فەرهەنگەکەی زمانی مرۆڤ پێکدەهێنێت، ئەمانە تایبەتمەندییەکی گشتیی زمانن، بەڵام "بەگشتی واتا وەك نمایندەی سروشتی زمان وەردەگیرێت"(Fillmore,1976:23). ئەو لایەنەیە ناتوانرێت بانگەشەی گشتی بونی بکرێت، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەزموون و ژینگەی هاوبەش، چوارچێوەی وتن و پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر، وابەستەکردنیان بە بونیادی ئاوەزی، فیلمۆر وەك هەوڵێك بۆ زانینی چۆنێتی کارکردنی زمان لە پێواژۆی پەیوەندیدا دەڵێت: "من لەگەڵ ئەوەدام، کە لە وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی سیستەمی زماندا دەبێت وەسفی چوارچێوەی درکپێکردنەکان بکەین، کە زمانبەکارهێنەر بەهۆی ئەوەوە ژینگەکەی خۆی لێکدەداتەوە، پەیامەکانی خۆی ڕێکدەخات و لەوانی تر تێدەگات"(Fillmore,1976:23)، واتە هۆکاری بەڕێوەچونی پێواژۆی پەیوەندیکردن بە (چوارچێوە)کانەوە دەبەستێتەوە، پێیوایە بەرهەمهێنەری تێگەیشتنن، بۆ دەستڕاگەیشتن بە کۆزانیاری هەندێك وشە بەردەستدەبن، باوەڕیوایە (چوارچێوە) یەکێك لە پێکهێنەرە گرنگەکانی پاشخانی کۆزانیارییە ئاوەزییەکانی مرۆڤە "ئێمە ئەم پاشخانی کۆزانیارییە بە (چوارچێوە) ناودەبەین"(Lee,2001:8).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**2)بەشی دووەم: کاریگەریی چێوە واتاییەکان لە کلتوری بەکاربردنی زمانی کوردیدا**

**1/2 سیمانتیکی چوارچێوەیی و تێگەیشتن لە توخمە زمانییەکان**

(فیلمۆر) ئەوە ڕون دەکاتەوە وشە و پۆلە ڕێزمانییە کۆدکراوەکانی زمان سیستەمی چوارچێوەکان ڕێکدەخەن، بە گشتی (دەوروبەر/Context) و (شاوەچە/Prototype) دوو چەمکی بنەڕەتین لە نەخشەکێشانی چوارچێوەکاندا، بۆ تێگەیشتن لە دەوروبەر دو ڕێگا پێشنیاز دەکات.

**یەکەم_واتای وشەکان**

سەبارەت بە تێگەیشتن لە واتای وشەکان بیروڕای فیلمۆر وایە " ئێمە وا ڕاهاتوین زیاتر پشت بە ئەزموونەکان ببەستین، بنەمای ئەزموونی کۆزانیاریمان لەبارەی وشەیەك یان دەستەواژەیەك، پۆلی ڕێزمانی، بەشی جیانەکراوەی ئەزموونەکانن"(Fillmore,1976:24). وشەکانی (شەو، ڕۆژ، نیوەشەو، بەیانی .....هتد) گروپێکی وشە پێکدەهێنن، لە ڕێی ئەزموون و کۆزانیارییەوە دەناسرێنەوە وەك نمایندەی نەخشەسازییەك، دەزانرێت ئەو گروپە وشەیە گوزارشت لە چی دەکات. بە تێگەیشتن لە دانەیەکیان تێگەیشتن لەبارەی زۆرینەیانەوە بەدەستدێت، پێکەوەبەستنی ئەم گروپە وشانە "لە لایەن چوارچێوەی یەکگرتوی تایبەتی ئەزموون، یان نەخشەسازییە یەکگرتووەکانی ئەزموونەوە، کە دەتوانرێت چوارچێوەی گشتیی وشەیان بۆ بەکاربهێنین"(Fillmore,1985:223) دەناسرێنەوە، بۆ نموونە تێگەیشتن لە مانگەکانی ساڵ دەبێت لە یەك چوارچێوەدا لێکدانەوەیان بۆ بکەین، بە زانینی ئەو دیاردە سروشتییەی هەر مانگێك لە ئەنجامی تێپەڕینی شەو و ڕۆژەکان دەستپێدەکات، بەشێکە لە ڕێکخستنی جیهانی واقع، بونیادێکی چەمکی بۆ وشە بەرجەستەدەکات، وەك سەرەتای مانگ، سەری مانگ، ناوەڕاستی مانگ، ناوی تایبەتی مانگەکان پەیوەست بە نەتەوەکانەوە... هەر یەکێك لەمانە نوێنەرایەتیی چوارچێوەکە دەکەن "چوارچێوەیەکی لەو جۆرە نوێنەرایەتیی ڕێکخستنی تایبەتی کۆزانیاری دەکات، کە وەك پێشمەرجێکە بۆ توانای ئێمە بۆ تێگەیشتن لە واتاکانی وشە پەیوەندیدارەکان"(Fillmore,1985:224). دەتوانین سەرنج لە ڕستەی (9) بدەین:

9_دکتۆرەکە وتی جارێ حەشوی سپیمان بۆ نەهاتووە.

بە شێوەیەکی گشتی وشەی (حەشو) لە فەرهەنگی ئاوەزیماندا لە چوارچێوەی تەقەمەنی و کەرەستەی سەربازیدایە، بەڵام لە ڕێی ئەزموونەوە واتای (حەشو) لە ڕستەی (9)دا تێدەگەین کەرەستەی پڕکردنەوەی ددانە و لە چوارچێوەی کەرەستەی پزشیکیدایە، کەواتە تیۆرییەکە باوەڕی بە چەقبەستویی واتای توخمە زمانییەکان نییە، بەڵکو بانگەشەی ئەوە دەکات وشەکان لە پەیوەندییەکی وابەستەییدان لە سەر بنەمای پاشخان و ئەزموون، واتە زانیاریی پێشوەختەن.

دووەم_لێکدانەوەی گوتنەکان:

بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنی گوتنێك زیاتر بیرکردنەوەمان بە ئاراستەی دەوروبەری گوتنەکەیە، هەوڵدەدەین ئەزموون و دەوروبەرەکانی پێشتریش، کە لە یادگەدا هەڵگیراون بەکاربهێنین بۆ بەرهەمهێنانی تێگەیشتن، بۆ نموونە مرۆڤ لە ڕێگەی تێگەیشتن لە دەوروبەرەوە دەتوانێت گوزارشتێکی وەك ڕستەی (10) دەربڕێت، یان لێی تێبگات:

10_ بەنازی دایك و باوکی گەورەببێت.

بە تێگەیشتن لە دەوروبەری گوتن و ئەزموون درك بەوە دەکەین، ئەم ڕستەیە لە بۆنەی منداڵی تازە لەدایکبودا وەکو دەربڕینی خۆشی و پیرۆزباییدا دەگوترێت، هەروەك فیلمۆر(1977) جەختی لێدەکاتەوە، کاتێك دەربڕینەکان دەبیستین، یادگە بە چوارچێوەی گونجاوەوە پەیوەستیدەکات. ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی پەیوەست بە چوارچێوەکە توخمی زمانی گونجاو هەڵبژێرین. لێرەوە چوارچێوە هۆکارە بۆ زانینی چۆنێتی دروستکردن و دۆزینەوەی ئەو پۆلەی وشەیەك دەینوێنێت "واتای زمانی ناتوانرێت بە شێوەیەکی گونجاو لە ئەزموونی مرۆڤ لەگەڵ زمان لە دەوروبەردا جیابکرێتەوە"(Fillmore,1977:72). توانای بەکارهێنانی زمان لە خودی خۆیدا بە تێگەیشتنەوە پەیوەست دەکات، چونکە تا بەکارهێنەری زمان بە باشی لە دانە زمانییەکان تێنەگەیشتبێت، ناتوانێت لە دەوروبەری شیاودا بە چوارچێوە گونجاوەکانەوە بیان بەستێتەوە، تا ڕێگایەك بێت بۆ گوزارشتکردن لە ئەزموونەکانی، بۆ نموونە تێگەیشتن لە وشەی (چوارچاو) لە دەوروبەردا بەدی دێت:

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص: 34-51
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

11_ کابرا خاوەنی چوارچاوە.

بەپێی دەوروبەرەکە دەزانرێت، مەبەستەکە ئەوەیە خاوەنی دوو ژنە، نەك ئەوەی لە بنەڕەتدا خاوەنی چوار چاوی ڕاستەقینە بێت. وەك (Lakoff,2018,45) پێیوایە، کە "هەمیشە چوارچێوەکان لەگەڵ واقیعدا ناگونجێن" پێچەوانەی بۆچوونی سیمانتیکی شێوازبەندانەشە، کە "وەك بۆچوونێکی لۆجیکیانە پشت بە بەها و مەرجی ڕاستەقینەی فۆڕمە زمانییەکان دەبەستێت"(ئەحمەد،15:2013). ئەم بۆچوونە تا ڕادەیەك هاوڕای بۆچوونی ڕێبازی ئەرکیشە، کە باوەڕیانوایە "یەکە زمانییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانەوە واتا وەردەگرن، بەکارهێنانیش لەڕێگەی دەوروبەرەوە دەبێت، هیچ دەربڕاوێکی زمانی ناتوانێت لە دەوروبەر داببڕێت"(حمەامین،9:2024)، تەنیا ئەوەندە هەیە، ڕێبازی ئەرکی سروشتی ئینسکلۆپیدی یەکە زمانییەکان لەبەرچاو ناگرێت، واتا تەنیا لە دەوروبەردا کورت دەکاتەوە.

چەمکی دووەم بریتییە لە (شاوەچە/prototype) بە چەمکێکی گرنگی سیمانتیکی چوارچێوەیی دادەنرێت، دەبێت چوارچێوەکان وەك وەسفێکی نموونەیی دیمەنەکان وەربگرین، کە ڕۆڵی لە داڕشتەی بە چوارچێوەکردندا هەیە "بۆ گەیشتن بە چەمکێك پێویستە بە لایەنی کەمەوە لە یادگەدا گەنجی شاوەچەکان هەبێت، کردەی بە چەمککردن بریتییە لەوەی چۆن دەتوانرێت شتێیك بناسینەوە، کە وەك نموونەی شاوەچەکان سەیربکرێت"(Fillmore,1976). ئەمەش پەیوەستە بەوەی ئەو شاوەچەیە چۆن بەکۆدکراوە، یان چی شتێك دەتوانێت وەك چەمکێکی نموونەیی پۆلەکە دەستنیشانبکرێت، بۆ نموونە لە چوارچێوەی باڵندەدا (چۆلەکە، کۆتر) دەکرێت چەمکی نموونەیی چوارچێوەکەبن، هاوکات (پەنگوین) ئەگەرچی لە چوارچێوەی باڵندەدایە، بەڵام ناتوانرێت وەك نموونەی چوارچێوەکە هەژماربکرێت. فیلمۆر نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە منداڵێك سمۆرە وەك پشیلەیەکی کۆمیدی دەبینێت، واتە چەمکە باڵا و نموونەییەکە لە ئاوەزی منداڵدا پشیلەیە، ئاماژە بەوە دەکات چەمکی چوارچێوە تەنیا تایبەت نییە بە زمان، بەڵکو پێیوایە گرێدراوی درکپێکردنە گشتییەکەی مرۆڤ و ئاوەزیشە، کاتێك بۆ بەرجەستەکردنی زمان بەکاردەهێنرێت، فۆڕمە زمانی و قاڵبە ڕێزمانییە تایبەتەکان، کە لە ئاوەزدا وابەستەی چوارچێوە تایبەتەکانن، خستنەڕوی توخمە زمانییەکان لە دەوروبەرەکاندا ڕاستەوخۆ چوارچێوەکان لای کەسی ئاگادار بیردەهێنێتەوە، هۆکارە بۆ دەستگەیشتن بە فۆڕمە زمانییەکانی تری پەیوەست بە هەمان چوارچێوەوە. هەر وەك وشەی (شوتی) لەگەڵ سەرجەم میوەکانی تر چوارچێوەیەك پێکدەهێنێت، کە چوارچێوەی چەمکی میوەیە.
(فیلمۆر) ئەوە دەخاتەڕوو "زمان هەم چوارچێوەی کارلێککاری، هەم چوارچێوەی درکپێکردن/چەمکی هەیە"(Fillmore,1976:25). چوارچێوەی کارلێککاری بریتییە لە دەوروبەرەجیاوازەکان، قسەکەران ڕۆڵی خۆیان دەبینن و دانەزمانییەکان پەیوەست بەم چوارچێوەیەوە هەڵدەبژێرن، کە گونجاوبێت، بۆ نموونە لە چوارچێوەیەکی کارلێکی وەکو پرسەدا، کەسی سەردانکەر هەمیشە دەستپێشخەری سەرەخۆشی دەکات، وەك نیشانەیەك بۆ دەرخستنی ڕۆڵی دڵدانەوە و دەربڕینی هاوخەمی، توخمە زمانییەکانی لەم شێوەیە تا ڕادەیەك لە مەودایەکی دیاریکراودان، فیلمۆر بانگەشەی ئەوە دەکات "بەشێك لە زانینی زمانێك بریتییە لە ناسینەوەی ژمارەیەکی زۆر لەم چوارچێوانە، زانینی ئەوەی هەڵبژاردنە زمانەوانییەکان پەیوەندی بە چییەوە هەیە"(Fillmore,1976:25). تەنانەت ناسینەوەی چوارچێوەکان و هەڵبژاردنی توخمە زمانییە شیاوەکانی پەیوەست بەو چوارچێوەیەوە هۆکارێکی گرنگی فێربوون و دەسەڵات شکانەوەیە بەسەر زمانی دووهەمیشدا، بە تایبەت کە ئەم چوارچێوەیەیان لە دەوروبەری کلتوری و کۆمەڵایەتیدا ڕودەدات، دەکرێت فێرخواز پێکەوە سەرجەم وشەکانی ناو چوارچێوەیەك فێرببێت.

جۆری دووهەمی چوارچێوە بریتییە لە چوارچێوەی درکپێکردن دەتوانرێت بکرێنە بنەمایەکی گرنگ و یارمەتیدەر لە پڕۆسەی لێکدانەوەی واتادا "پاشخانی ئەو کۆزانیاریانەن، کە پێویستن بۆ تێگەیشتن لەو شتانەی، کە لە دەوروبەرمان ڕودەدەن"(Fillmore,2010:223)، بۆ ئەم مەبەستە کردەی بازرگانی بە نموونە دەهێنێتەوە، تیایدا ڕۆڵەکانی لە نێوان کڕیار و فرۆشیاردا دابەشدەبن، لەو چوارچێوەیەدا هەموو فۆڕمە زمانییەکانی پەیوەست بەو سیناریۆیەوە چالاکدەبن، وەك (کڕین، فرۆشتن، پارەدان، وەرگرتن، تێچوون، خەرجکردن). هەر یەکە لەم وشانە وەك بەشێك لە ڕێکخستنی چوارچێوەکە دەنوێنرێت، دەتوانن دووبارە چوارچێوەی تر لەگەڵ خۆیاندا چالاك بکەن، بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەی مامەڵەکە "دەتوانین بڵێین، کە چوارچێوەکە داڕشتەی واتایی وشەکان بەرجەستە دەکات"(Fillmore,1982:117)، یان ناردنی نامەیەك بۆ هاوڕێیەك و وەسفکردنی وەرزی بەهار بەوەی دەشت و دەر سەوزبووە، درەختەکان گەڵایان کردووە، کانیاوەکان ژیاونەوە "ئەو جۆرە تێگەیشتنەی ڕێگە بە لێکدانەوەیەکی لەو شێوەیە دەدات لە دەرەوەی خودی دەقەکە سەرچاوەدەگرێت"(Fillmore,1982:124)، واتە ئەو چوارچێوەیەی بانگەشەی بۆ کراوە بەشێکە لە کۆزانیاریی گشتی، لە دەرەوەی دەق بەردەستە، توخمە زمانییەکان تەنها دیمەنەکە بەیان دەکەن، لە لایەکی ترەوە قسەکردنی هەر یەکێکمان لەبارەی دیاردەیەك، یان ڕوداوێکەوە و بەکارهێنانی توخمە زمانییەکانی پەیوەست بەو چوارچێوەیە بە کۆزانیاری و تێڕوانیمان لەبارەی ئەو بابەتەوە، بۆ نموونە دووان لەبارەی دیاردەیەکی وەك:


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

12_ فرەژنی

لە ڕوانگەی پیاوێك و ژنێکەوە جیاوازە، لە هەمانکاتدا لە نێوان ژنانیشدا ئەوانەی لایەنگری ڕەوتی فیمینێزمن و ئەوانەی تا ڕادەیەك پاشخانی ئایینیان هەیە، جیاوازە، لەکاتێکدا چوارچێوەکە هەمان چوارچێوەیە، وشەکانیش هەر پەیوەستن بەو چوارچێوەیەوە، ئەمە جگە لەوەی کۆزانیاری یارمەتیدەرە بۆ ناسینەوەی خودی چوارچێوەکان، بۆ نموونە کاتێك دەچینە ڕیستورانتێك ڕستەیەکی هاوشێوەی ڕستەی (13) نوسراوە:

13_نانی بەیانیمان هەیە.

بەپێی کۆزانیارییەکانمان دەزانین لیستی ئەو خواردنانەی دەچنە چوارچێوەی نانی بەیانییەوە، تا ڕادەیەك جیاوازە لەوانەی لە ژەمەکانی تردا پێشکەشدەکرێن، هەروەها ناسینەوەی ژەمی بەیانی وەك ئەوەی فیلمۆر ڕونی دەکاتەوە وەك یەکەم ژەمی ڕۆژ لە دوای لە خەو هەستان بۆ کلتورێکی فرەژم دەبێت، جگە لە ژەمی بەیانی، ژەمی تری نان خواردنیان هەبێت، کەواتە چوارچێوە دەکرێت وەك سیستەمێك، یان تۆڕێك، کە وابەستەی یەکترن ببینرێت، بۆ تێگەیشتن لە توخمێکی زمانی دەبێت شارەزایی لە توخمەکانی تریشدا بەردەست بێت، دەبێت لە کۆی سیستەمەکە تێبگەین، چوارچێوە بە گشتی "یارمەتیدەرمانە بۆ ڕێکخستنی ئەو لێکچون و جیاوازییانەی، کە لە نێوان ئەزمونە جیاوازەکانماندا هەن"(Seyed Jalali,2011:31).

(فیلمۆر) سەبارەت بە واتای وشەکان بانگەشەی ئەوە دەکات بە سێ شێوە بە واتاکانیانەوە پەیوەست دەکرێن "دەتوانین ئەمانە بە کارایی، پێوەر، کۆمەڵایەتی ئاماژەیان پێبکەین"(Fillmore,1976:27)، بۆ نموونە نانی نیوەڕۆ لە ناو بنیادی ژەمە خواردنەکاندا کارایە، دەزانرێت لەگەڵ کێ و چی خۆراکێك دەخورێت، لە ناو چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدایە، هەروەها "وشەی تۆپ، کە بە چەمکێکی کارایی دەستپێدەکات، چەمکەکە کۆمەڵە شتێکی تایبەتە، کە لە شوێنی تایبەت و لەگەڵ کەسانی تایبەتدا یاری پێدەکرێت، بە چەمکی پێوەر کۆتایی دێت، کە پەیوەندی بە شێوەیی گۆیی و هەڵبەزینەوە هەیە"(Fillmore,1976:27)، واتە پێوەر بۆئەوەی شتێك بچێتە چوارچێوەی تۆپەوە ئەوەیە خڕ/گۆیی بێت و بتوانین تەپ تەپەی پێبکەین، بۆ جێبەجێکرنی ئەم کردانە و دەستڕاگەیشتن بە چوارچێوەکان پەنا دەبرێتە بەر یادگە و پاڵاوتنی توخمە زمانییەکانی پەیوەست بە چوارچێوەکانەوە، وشەکان لە کاتێکدا واتا دەگەیەنن، کە چوارچێوەیان هەبێت، بۆ نموونە لە ڕستەی (14)دا وشەی (پارشێو) هەمان ئاکاری واتایی هەیە:

14_ هەستە کاتی (پارشێوە)، با نانەکەمان بخۆین.

وشەی (پارشێو) تایبەتە بە کەسێك، کە لە کلتورەکەیدا ژەمی پارشێو هەبێت، واتە مسوڵمان بێت، لای کەسێکی ئەوروپی واتا ناگەیەنێت، لەبەرئەوەی چوارچێوەیەکی نییە، یاخود لە ناو چوارچێوەی ژەمەکانیدا نییە، بەمەش وشەکە تێگەیشتن لە لای بەرجەستە ناکات، چونکە "چەمکی چوارچێوە هەم ڕەهەندێکی چەمکی، هەم ڕەهەندێکی کلتوری هەیە"(Lee,2001:9). ڕەهەندە چەمکییەکە چۆنێتی هەڵگرتن و بەچەمککردنی توخمەکانە لە بنکەی کۆزانیارییەکانماندا، ڕەهەندە کلتورییەکەش چۆنێتـی ڕوانینە لە توخمەکان، بۆ نموونە با سەرنج لە ڕستەی (15) بدەین:

15_سبەینێ کۆتایی هەفتەیە.

چەمکی (کۆتایی هەفتە) بە واتای نەچوونە سەر کار دێت، لای کرێکارێك، کە تەنیا ڕۆژانی هەینی ناچێتە سەر کار جیاوازە لەگەڵ فەرمانبەرێك، کە هەینی و شەممە ناچێتە سەر کار، (فیلمۆر) ئەوە ڕوندەکاتەوە ئەوانەی یەك ڕۆژ ناچنە سەر کار پێویست بە وشەی کۆتایی هەفتە ناکات، بەڵکو دەتوانێت ئاماژە بۆ ڕۆژەکە بکات.

خاڵێکی تری گرنگ، کە فیلمۆر ئاماژەی پێدەدات ئەوەیە چوارچێوەی توخمە زمانییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە دارشتەی واتایی، تێگەیشتن و تێڕوانین و هەڵهێنجانی واتا لە چوارچێوەی ڕستەکاندا هەیە، هەروەها دەرکەوتنی ڕێژەیی واتا لە دیمەنەکاندا، بۆ ڕونکردنەوەی چوارچێوەی وشە، فیلمۆر نموونەی گەشتی دوو کەس دەهێنێتەوە، لە گەڕانەوەیاندا هەر یەکێك بە جۆرێك لە گەشتەکە دەدوێت:

16_ أ.ئەم پاشنیوەڕۆیە دوو کاتژمێرم لە سەر وشکانی بەسەربرد.
ب_ ئەم پاشنیوەڕۆیە دوو کاتژمێرم لە سەر زەوی بەسەربرد.

دەربڕاوی (لە سەر وشکانی) وابەستەی چوارچێوەی گەشتە دەریاییەکانە، کە ئەو کەسانە زۆرینەی کاتەکانیان لە سەر دەریا و بەشێك لە کاتەکانیان (دوو کاتژمێر) لە سەر وشکانی بەسەردەبەن، بەڵام فیلمۆر باوەڕیوایە ئەگەر ئێمە ئەم دەربڕینە بەو جۆرە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

وەربگرین و لێکی بدەینەوە "ئەوە رێك ئەو چوارچێوەیە، کە بە رێککەوتنی زمانەوانی لەگەڵ واتای وشەیی ئەم دەربڕینانەدا دەناسرێتەوە"(Fillmore,1985:237). دارشتەی واتایی رستەکە پەیوەست دەبێت بە ماگزیمی پەیوەندیداری (گرایس/Grice)ەوە، کە دانە زمانییەکان پەیوەست دەبن بەو بابەتەی لێی دەدوێن و لێی لادەدەن، واتە جیهانی دەرەوە و دارشتەی ناوخۆیی توخمە زمانییەکان یەکسانن. لە رستەی دووەمدا دەربڕاوی (لە سەر زەوی) لە چوارچێوەی گەشتە ئاسمانییەکاندایە، هۆکاری بەکارهێنانی قاڵبی رێزمانیی جیاواز پەیوەستە بەوەی قسەکەر لایەنێکی دیاریکراوی ئەو چوارچێوە واتاییەی لەبەرچاوگرتووە. ئەمەش خاڵێکی گرنگی زانستی زمانی درکپێکردنە، کە روانگەی تاکە کەس لە دارشتنی قاڵبی رێزمانی، بەچەمککردن، بەرهەمهێنانی واتادا بەهەندوەردەگرێت.

(فیلمۆر) بانگەشەی ئەوە دەکات "یەکێك لە ئامانجەکانی سیمانتیکی چوارچێوەی هەبوونی نوێنەرایەتییەکی یەکسانە بۆ واتای وشە و رستە و لێکدانەوەی دەق"(Fillmore,1976:28). بۆ نموونە وشەیەکی وەك:

17_ شیربایی

جگە لەوەی گوزارشت لە شێوازێکی پارەدان دەکات، هاوکات گوزارشت لە شێواز و بیرکرنەوەی کۆمەڵگەش دەکات، چوارچێوەی مامەڵەیەك بە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە دەبەستێتەوە. بەمەش چەمکی چوارچێوە لە خزمەت ناساندنی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکاندایە، چونکە ئەندامانی کۆمەڵێکی دیاریکراو شارەزایی و ئەزموون و کۆزانیاریی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە. ئەمەش ئەو دارشتە چەمکییەیە، کە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەنوێنرێت و ئەندامانی کۆمەڵگەکە لە رێی وشە و دەربڕاوی تایبەتەوە گوزارشتی لێدەکەن، کەواتە "دەتوانین لە واتای وشەیەك تێبگەین، تەنیا بە ئاماژەدان بە بنیادنانی پاشخان، ئەزموون، بیروباوەڕ، کە جۆرێك لە پێشمەرجی چەمکی بۆ تێگەیشتن لە واتاکە پێکدەهێنن، دەتوانین بڵێین قسەکەران تەنیا بە تێگەیشتن لە پاشخانی چوارچێوەکان، کە پاڵنەرن بۆ ئەو چەمکەی وشەکە کۆدی دەکات، واتای وشەکە دەزانن"(Fillmore,Atkins,1992:76,77). ناوەرۆکی واتایی وشەیەك و دارشتە رێزمانییەکەی رەنگدانەوەی کۆزانیارییەکانی قسەکەرن، دەزانێت ئەو فۆرمە زمانییە لە کام چوارچێوەدا کارایە، زمانەوانانی سیمانتیکی درکپێکردن بۆچونیان وایە "روانگەی سیمانتیکی چوارچێوە ئەوەیە هەر یەکێك لە وشە پەیوەندیدارەکان دەبەستێتەوە بە پاشخانەوە"(Fillmore,1985:229). هەر ئەمەش وا دەکات (فیلمۆر 1998) پێیوابێت چوارچێوە بەرهەمی سیمانتیکی ئەزموونییە، فیلمۆر بەو جۆرە چوارچێوە پێناسە دەکات "جۆرێکە لە فیگەری هێڵکاری، کە مەرج نییە هەمو وردەکارییەکان پڕبکرێنەوە"(Fillmore,1976:29)، واتە مەرج نییە هەموو وردەکاری و زانیارییەکان لە ناو ئەو دەقە، یان ئەو رستەیەدا هەبێت، بەڵام گوێگر، یان خوێنەر بە هۆی چوارچێوەکەوە دەزانێت، کە پێویستە ئەو وردەکارییانە هەبن، وەك لە رستەی (18)دا بەرچاودەکەوێت:

18_ کتێبێکم چاپکردووە.

کەسی بەرانبەر نازانێت چەند لاپەڕەیە؟ کتێبەکە لەبارەی چییە؟ لەکوێ چاپکراوە؟ واتە لە هێڵکارییەکەدا ئەم زانیارییانە پڕنەکراونەتەوە.

فیلمۆر ئەوەی خستەڕوو پۆلێنکردن و لیستکردنی چوارچێوەکان لە زمانێکدا رێگایەکی گرنگی لێکۆلینەوەیە لەو زمانە، چوارچێوەکان دەتوانن وردەکاریی زۆر تایبەت دەربارەی توخمە فەرهەنگییەکان لە خۆیاندا هەڵبگرن، لە واتای فەرهەنگییەوە تا واتا هەمە چەشنەکانی دانە زمانییەکان، گریمانەی کۆزانیاری و لایەنی ئاوەزمەندی و رۆشنبیریی بەکارهێنەرانی زمانێك دەکەن، چونکە زانایانی قوتابخانەی درکپێکردن وەك (2014.Lakoff.) جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە دەبێت پێناسەکردنی هەر توخمێکی زمانی لە رووی دارشتەی چوارچێوە و ئاوەزمەندییەوە بێت، بۆ نموونە لە چوارچێوەی رەنگەکاندا دەتوانین زانیاریی زۆر ورد و شاراوە بەردەست بێت، کە لە نموونەکانی (19)دا دیارە:

19.أ_ کراسێکی پەمەیم کڕی.
ب_ شاعیرێکی پەمەیە.
پ_ ئەوەنە پەمەیی مەبە.

لە رستەی (19.أ)دا پەمەیی بە شێوەیەکی ئاسایی بە واتا فەرهەنگییەکەی بەکارهاتووە، لە رستەی (19.ب)دا گوزارشتە لە شاعیرێکی ژنانی، لە (19.پ)دا بە واتای ناسکی دێت، لە لایەکی ترەوە دنیابینی کورد دەردەخات سەبارەت بە ئافرەت، کە رەنگی پەمەیی زیاتر تایبەتە بە ئافرەتان، ئافرەتانیش ناسکن، هەروەها تیۆرەکە باوەڕیوایە لێکۆڵینەوە لە پەرەسەندنی زمانێك بکرێت


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

پەیوەست بە چوارچێوەوە سەرکەوتووتر دەبێت، نەك بەپێی بنەمای ژمارەی وشەکانی زمانەکە، چونکە چوارچێوەکان چەمکێکی فراوانتر لەخۆدەگرن، لیستکردنی چوارچێوەکان و جەختکردنەوە لە سەر ژمارەی چوارچێوەکان لە ژمارەی دانە فەرهەنگییەکان گرنگترە.

(فیلمۆر) (1985) ئەوەی ئاشکراکرد، کە چەمکی چوارچێوە شتێکی تازە نییە، بەڵکو جۆن ستیوارت میل (1846) لە ڕێگەی چەمکی واتا و ئاماژە بە ناڕاستەخۆ لێیدواوە، بە تایبەت لە ڕونکردنەوەی چەمکەکانی (کوڕ و باوك)، کە هەردوکیان یەك ڕاستی دەگەیەنن، بەڵام بە دوو وشەی جیاواز، مەبەستەکە ئەوەیە لە ناو یەك چوارچێوەی واتاییدان، پەیوەندیی باوك و کوڕ پەیوەندیی نێوان دوو نێرە، دەربرینی یەك ڕاستییە بە دوو شێوازی جیاواز، فیلمۆر پێیوایە ئەم پەیوەندییە زۆر هاوشێوەی چەمکی چوارچێوەی سیمانتیکییە. ئەم پەیوەندییەی نێوان باوك و کوڕ وردتر دەکاتەوە، کە سەر بە تۆڕێکی گەورەتری پەیوەندییە، ئەویش لە چوارچێوەی خێزاندا خۆی دەبینێتەوە. لەگەڵ خۆیدا وشەکانی (خێزان، دایك، منداڵبون، هاوسەرگیری) دێنێتەوە. "ئێمە لێرەدا چوارچێوەیەکی چەمکیمان هەیە، کە لەو چوارچێوەیەدا دەتوانرێت ڕێرەوی زۆرێك لە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان تایبەتمەندبکرێت و دەتوانرێت چەندین جۆری پەیوەندیی لاوەکی لە سەر بنیاد بنرێت"(Fillmore,1985:225)، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا بنەما گشتییەکانی چوارچێوەی چەمکی (خێزان) بریتین لە (دایك، باوك، برا، خوشك) ئەوانەی (نەنك و باپیر) لەگەڵ خێزانەکەدا دەژین چوارچێوەی چەمکەکە فراوانتردەبێت. هەر یەکێك لەمانە دەتوانرێت پەیوەندیی لاوەکی تری لە سەر بنیادبنرێت، بۆ نموونە (خوشکەزا، برازا و ....هتد). فیلمۆر بانگەشەی ئەوە دەکات چوارچێوەی بەچەمککردن لە گەڵ تیۆری کێڵگەی واتاییدا هەندێك خاڵی هاوبەشی هەیە، ئاماژە بە لایەنی جیاوازی و لێکچویی نێوان ئەم دوو تیۆرە دەکات، لە کێڵگەی واتاییدا لێکدانەوەی واتای وشەکان پشت دەبەستێت بە پاشخانی کۆزانیاری، بۆ نمونە ئەو سیستەمەی بەکاردەهێنرێت لە ڕیزکردنی ناوی هۆتێلەکان لەناو کەرتی گەشتیاریدا، تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی چوارچێوەی سیمانتیکییە، دیمەنێك بهێنە بەرچاو کەسێك، کە ئەزموونی گەشتی نییە و مەبەستیەتی گەشتێك بکات، سەردانی کۆمپانیایەکی گەشتیاری دەکات، کاتێك کۆمپانیای ڕێکخەری گەشتەکە دەڵێت شوێنی مانەوە لە ئوتێلێکی نمرەیەکە، گەشتیار وا هەستدەکات دەبێت لە باشترین هۆتێل بمێنێتەوە، بەڵام بێئاگا لەوەی لە ڕیزبەندی کەرتی گەشتیاریدا هۆتێلێك هەڵگری ناسناوی پلەی یەکەم بێت، لە ریزبەندی چوارەمدایە. فیلمۆر ئەمە بە زمانی تەکنیك/technical language ناودەبات، ئەم زمانە تەکنیکییە لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا بەرانبەر توشی سەر لێشێوان دەکات، چونکە "ئەو وشانەی لە چوارچێوە تایبەتەکاندا بەکارهێنراون، لە چوارچێوەی ئاشناترەوە وەرگیراون، هۆکاری بەکارهێنانەکانیان لەو چوارچێوانەوەیە، کە ئاشناترن، لە لایەن کەسی بەرانبەرەوە لێك تێنەگەیشت دروست دەبێت، لەو کاتەی لێکدانەوە ئاشناکەی بە وشەکە دەدات"(Fillmore,1985:227)، واتە کەسی بەرانبەر چوارچێوە ئاشناکە دەکاتە پێوەر بۆ لێکدانەوەی، بۆ نموونە کاتێك گەشتیار سەرنجی وشەی (یەکەم) دەدات لە ڕوانگەی چوارچێوە ئاشناکەیەوە لێیدەڕوانێت، واتە لای ئەو هیچ پلەیەکی تر لەپێشییەوە نییە، بەم هۆیەوە بۆ بەرجەستەکردنی واتای مەبەست فیلمۆر داوای ئاماژەدان بە چوارچێوەکان دەکات، پێیوایە "ئێمە چوارچێوەیەکمان هەیە، کە زیاتر لە لایەن زمانەوە دروستکراوە، نەك لە ناو زماندا ڕەنگدانەوەی هەبێت"(Fillmore,1985:227). ئەمەش ئەوە ڕون دەکاتەوە لە تیۆری (کێڵگەی واتایی)دا وشەی (کێڵگە) یەکسان دەبێت بە چوارچێوە، بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی چەمکی چوارچێوە بانگەشەی ئەوە دەکات "وشەکان بێ واتا دەبن ئەگەر وشە دژەکانیان لە هەمان مەودای چەمکییەوە لای بەرانبەر بەردەست نەبن"(Fillmore,1985:228)، واتە دژیەکی وشەکان ڕێگەیەکی گرنگی داڕشتەی چوارچێوەی سیمانتیکییە، بۆ نموونە لە چوارچێوەی پلەی گەرمیدا ناتوانین واتای (سارد) بەدەستبهێنین، ئەگەر (گەرم) بەردەست نەبێت، واتە بە چەمککردنی هەر یەکێکیان لە ئاوەزدا لە ڕێگەی ئەوی تریانەوەیە "زۆر شتی ئاسایی هەن، کە ناوی تایبەتیان بەدەستهێناوە لەبەرئەوەی بەپێی ئەو وەسفەی، کە ناوە تایبەتەکە پێشکەشی دەکات، ئەندامێتیان لە کۆمەڵەیەکی پێچەوانەدا دیاری دەکرێت، ئەندامەکەی تر بۆ بونی پێچەوانەکەی پاڵنەرە"(Fillmore,1985:239)، بۆ نموونە لە ناو چەمکی ئاراستەکانی جوگرافیادا (ڕۆژهەڵات) نابێت، ئەگەر ڕۆژئاوا نەبێت، هەروەها فیلمۆر دان بەوەدا دەنێت، کە "سیمانتیکی چوارچێوەیی کۆمەڵێك چوارچێوەی لێکدانەوەیە، کە لە لایەن زمانەوە دابین دەکرێت"(Fillmore,1985:229)، زمان ڕۆڵی لە نەخشەکێشانە سیمانتیکییەکان و لێکدانەوەی بارودۆخ و چوارچێوەکاندا هەیە، نەك ئەوەی خودی زمان چوارچێوەکان بکێشێت، بەڵکو چوارچێوەکان خۆیان هەن و زمان دەیان نوێنێت، لە بەردەستخستنی زانیاریدا بۆ قسەکەرانی زمانێك ڕۆڵی هەیە "خاڵی دەستپێك بۆ سیمانتیکی چوارچێوەیی ئەوەیە، کە کێشەی واتای فەرهەنگیی وشە لەگەڵ کراوەیی و دەوڵەمەندی واتایی بەیەکەوە گرێدراون، کراوەیی پەیوەستە بە دەوڵەمەندییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کراوەیی بە واتای نەبوونی داڕشتە نییە"(Gawron,2008:9).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

(فۆكنەر) زاراوەی چوارچێوە دەگوازێتەوە بۆ ناو تیۆری (بۆشایی ئاوەزی/Mental space) پەیڕەوكەرانی ئەم تیۆرە ئەوە دەخەنەڕوو "چوارچێوە كاتێك دەبێت، كە توخمەكانی بۆشایی ئاوەز وەك پاكێجێك یەكبخرێن"(Salih,2024:22). نموونەی (20) ئەم ڕاستییە زیاتر شیدەكاتەوە:

20_ هەڵۆ گۆشت لە گۆشتفرۆشەكە دەكڕێت.

چوارچێوەكە بەو جۆرە پیشاندەدرێت لە ناوەوە (أ) شتێكی لە (ب) كڕیوە، ڕۆڵەكانی بە (هەڵۆ و گۆشتفرۆش) دەنوێنرێن دەچنە چوارچێوەی مامەڵەوە، وەك بەشێك لە سیمانتیكی دركپێكردن "ئامانجی سەرەكی بۆشایی ئاوەزی هەژماركردن و ڕونكردنەوەی واتایە"(Salih,2024:23). داڕێژەرانی ئەم تیۆرە پێیانوایە، تیۆرەكە توانای ڕونكردنەوەی واتای ئەو توخمە زمانییانەی هەیە، كە لەگەڵ جیهانی واقعدا یەك ناگرنەوە، بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی دینامیكی واتای دەربڕاوە زمانییەكان، ئەم ڕوانینە وایكرد زمانەوانانی ئەم ڕێبازە (چوارچێوەی سیمانتیكی) بە یەكێك لە ڕێگاكانی بونیادنانی بۆشایی ئاوەزی دابنێن، هەروەها تێڕوانینی فۆكنەر بەجۆرێكە "بۆشایی ئاوەزی بەشێوەیەكی دینامیكی لە یادگەی كاركردندا بونیاددەنرێت، بەڵام دەتوانرێت لە یادگەی درێژخایەندا بچەسپێنرێت"(Faucnnier,2007:352)[1]، وایدادەنێت چوارچێوەكانیش بە هەمان شێوە لە یادگەی درێژخایەندا چەسپاون، بۆشایی ئاوەزی توانای خستنەگەڕی هەموویانی هەیە، هەر وەك بۆشایی ئاوەزیی (مەیدانی چوارچرا)، كە لە یادگەی درێژخایەنی كورددا چەسپاو و جێگیرە، بە چەند بۆشاییەكی تری ئاوەزی وەك (سێدارە، كۆماری كوردستان، قازی محەمەد، دەوڵەتی كوردی)یەوە بەستراوەتەوە، هەموویان لەگەڵ خۆیدا دێنێتەوە.

تیۆری سیمانتیكی چوارچێوەیی بووە هۆكاری سەرهەڵدان و گەشەكردنی ڕێزمانی بونیادنان، بە ئامانجی بەدیهێنانی تیۆرێكی یەكگرتو بۆ ڕێزمان و واتای وشە، تەنانەت (Lakoff 2014) دان بەوەدا دەنێت بیرۆكەی تیۆری میتافۆری چەمكی لە ژێر كاریگەریی سیمانتیكی چوارچێوەیی وەرگرتووە، چونكە نەخشەسازی میتافورە چەمكییەكانیش چوارچێوەبەچوارچێوەن. (Fillmore.1977) جەخت لە سەر ئەوە دەكاتەوە میتافۆرەكان لە ئەنجامی گۆڕانكاری لە خودی چوارچێوەكانەوە دادەڕێژرێن، دەتوانرێت لە نموونەی (21)دا ببینرێت:

21_ میكزەمینییەكی تازەمان كڕیوە.

لە نموونەی (21)دا وشەی (میكزەمینی) میتافۆریانە بۆ ناونانی ئوتومبێلی تۆیۆتا لاندكرۆزەری بارهەڵگری (4500) بەكارهاتووە. هەر ئەمەش هۆكارە، كە (Fillmore,1982:111) بانگەشەی ئەوە بكات "سیمانتیكی چوارچێوەیی شێوازێكی تایبەتە بۆ تێڕوانین لە واتای وشەكان، هەروەها شێوازێكی تایبەتمەندی بنەماكانە بۆ دروستكردنی وشە و دەستەواژەی نوێ، زیادكردنی واتای نوێ بۆ وشەكان" و زیادكردنی واتای نوێش بەشێكی بە بەكارهێنانی میتافۆرییانەی وشەكانەوە پەیوەستە.

سیمانتیكی چوارچێوەی هۆكارێكی یارمەتیدەر بوو بۆ پێكهێنانی پرۆژەی (تۆڕی چوارچێوە_Frame Net). ئەمیش پرۆژەیەكی تیۆری سیمانتیكی چوارچێوەییە و هەوڵی دیاریكردنی بەشە سەرەكییەكانی ڕستە دەدات و توخمە فەرهەنگییە هەمەچەشنەكان لێكدەداتەوە. (Fame Net) لە یەكە فەرهەنگییەكان و چوارچێوەی واتایی/Frame Semantics و توخمەكانی چوارچێوە/ Frame Elements و ئەو پێكهاتانەی لە چوارچێوەی سیمانتیكدا ڕۆڵیان هەیە و چوارچێوەی توخمەكان پێكدەهێنن پێكدێت، سەرنجی كردارێكی وەكو (لێنان) بدەین بەم جۆرە شیدەكرێتەوە. توخمە پێكهێنەرەكانی بریتین لە كەسێك كردارەكە جێبەجێدەكات، كەرەستەیەك، كە لێدەنرێت (خواردن)، كەرەستەیەك بۆ ئەوەی خواردنەكەی تێدا لێبنرێت، هۆكارێكی گەرمی بۆ ئامادەكردنی خواردنەكە. ئەمانە بە چوارچێوەی كرداری (لێنان) هەژماردەكرێت.

[1] _ یادگە (Memory) لە چەند ڕوانگەیەكەوە جیادەكرێتەوە و پۆلێندەكرێت، لەوانە (پەیوەست بە جۆری زانیاری، پەیوەست بە جۆری كردەكان)، یادگەی كاركردن "پەیوەستە بە ئەنجامدانی كردە و كارەكانەوە و پەیوەندییەكی بەهێزی لەگەڵ بیركەوتنەوەدا هەیە، ئەم مۆدێلە لە پرۆسە سایكۆلۆژییەكاندا پێوانەیەكی هەنگاوبەهەنگاوی زانیارییەكانە لەیادگەی كورت_خایەندا"(مەحمود،2012:47،34).
یادگەی درێژخایەن "هەندێك لە زانیارییەكانی لە یادگەی كاركەرەوە بەشێوەیەكی زنجیرەیی بۆ دەگوێزرێتەوە و هەندێك لە پرۆسەكانی دیكەش، كە ئەنجامدەدرێن لە ڕێگەی هاریكاری یاگەی كورت_خایان و یادگەی درێژ_خایانەوە جێبەجێدەبن"(مەحمود،2012:50)، زانیاریی زیاتر دەربارەی جۆرەكانی یادگە و چۆنێتی كاركردنیان و پەیوەندیی نێوانیان لە (دزەیی،2014) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا باسكراون و (مستەفا،2021) بەردەستە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

22_ دایکم به‌ دار برنجەکەی لە مەنجەڵەکەدا لێنا.

لە ڕستەی (22)دا (کەرەستەی لێنان و کەسی ئامادەکار، خواردن، هۆکاری گەرمی) بە توخمەکانی چوارچێوە دادەنرێن، چەند وشەیەك هەن چوارچێوەی کرداری (لێنان) دەوروژێنن، وەك (ئامادەکردن، دروستکردن، سورکردنەوە، کوڵاندن....هتد).
(Fillmore, Christopher, Petruck:2003) پێیانوایە یەکێك لەو پەیوەندییە گرنگانەی (Frame Net) پشتی پێدەبەستێت، پەیوەندیی چوارچێوە بە چوارچێوەیە، زیاتر سروشتێکی بۆماوەیی هەیە، بۆماوەیی بە گرنگترین پەیوەندیی نێوان چوارچێوەکان هەژماردەکرێت، یەکەکانی چوارچێوە زانیارییە وردەکان لە سەرچاوەکانیانەوە وەردەگرن، بۆ نموونە ئەگەر چێوەی چەمکێکی وەك:

23_ترێ

میرات بگرێت لە چوارچێوەی چەمکێکی وەك (میوە)دا، کەواتە هەمو توخمەکانی چوارچێوەی چەمکی (میوە) لە توخمەکانی چوارچێوەی (ترێ)دا دەردەکەون، واتە چوارچێوەی چەمکی (ترێ) زانیارییە وردەکانی لە سەرچاوەیەکی ترەوە وەردەگرێت، کە چوارچێوەی (میوە)یە. چەمکی (ترێ) ئەگەرچی لە چوارچێوەی چەمکی میوەکاندایە، واتە (وەچەبەشە/Sub Type)، لە هەمان کاتدا خۆی لەگەڵ وشەکانی وەك (شەراب، مێوژ، باسوق و..... هتد) خاوەنی چوارچێوەیەکی تایبەتە.

لە پەیوەندیی چوارچێوە بە چوارچێوەدا وشەی مەبەست و ئەو چوارچێوەیەی گوزارشتی لێدەکات دەستنیشان دەکرێت، زانینی تایبەتمەندیی توخمەکانی ناو چوارچێوەکە و دەستنیشانکردنی ئەو وشانەی هاوشێوەی وشەی مەبەستن، تا بزانرێت دەچنە ناو هەمان چوارچێوەی واتایی؟ ئەمەش هۆکارە بۆ گەیشتن بە وشەکانی پەیوەست بەو چوارچێوەیەوە، کە لە چوارچێوەی ڕستەدا ئەرکی ڕێزمانی و جۆری فرێزەکانی چوارچێوەکە دیاری دەکرێت. بۆ نموونە کردارەکانی (پێدان و وەرگرتن) هەردووکیان چوارچێوەی بەخشین چالاك دەکەن، واتە یەك ئەنجام بەدەستەوە دەدەن، یاخود لە چەمکی بەخشینەوە میرات وەردەگرن، پێویستی بە ڕۆڵی بەخشەر/کارایەك/Agent و شتێك/Theme ببەخشرێت، هەروەها لە سەرچاوەیەکەوە/Source بەدەستبێت، واتە ئەمانە لانی کەمی بەشداربوانی جێبەجێکردنی کردەیەکی وەك (بەخشین)ن، هەر یەکێکیان بە فرێزێك دەسپێرێت لە بونیادی ڕستەکەدا. ڕستەیەکی وەك (24.أ) هەمان ئەنجامی وەك (24.ب) دەدرکێنێت و هەمان ڕۆڵ بەرجەستەدەکات.

24_ أ.سەرمایەدارەکە پارەی بە هەژارەکە دا. = 24_ ب. هەژارەکە پارەکەی لە سەمایەدارەکە وەرگرت.

بەخشین پێدان _ وەرگرتن
1_ وەرگر 1_ وەرگر
2_ شتێك 2_ شتێك
3_ سەرچاوە 3_ بەخشەر

لە ئێستادا سیمانتیکی چوارچێوەیی تەنیا لە چوارچێوەی واتاییدا نەماوە، بەڵکو بۆ ناو زۆر بواری تری ژیان وەکو (فەرهەنگسازی، زیرەکی دەستکرد، کۆمپیوتەر....هتد) پەلی هاویشتووە.

2/2 گرنگی چوارچێوە واتاییەکان لە کلتوری زمانی کوردیدا

چوارچێوە واتاییەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەرجەستەکردنی تێگەیشتن و گەیاندنی پەیامی ئاخێوەر، هەروەها لێکدانەوەی دروستیش لای گوێگر هەیە. پەیوەست بە زمانی کوردییەوە دەتوانین بەم شێوەیەی لای خوارەوە بیخەینەڕو:

1_تێگەیشتن لە واتای وشەکان وابەستەی چوارچێوەکانیانە، ئەگەر چوارچێوەیەکی واتایی لە کۆمەڵگەیەکدا بسڕێتەوە، یان بونی نەبێت، ئەوا سەرجەم ئەو وشانەی پەیوەستن بەو چوارچێوەیەوە بونیان نابێت، بۆ نموونە چەمکی (بەربوك) لە کلتوری کوردیدا لەچوارچێوەی ژنهێنان و شوکردندایە و تایبەتە بە کۆمەڵگەی کوردی، لە کۆمەڵگایەکی ئەوروپی لەبەرئەوەی لەو چوارچێوەیەدا چەمکەکە بونی نییە، سەرجەم ئەو وشانەی پەیوەستن بەو چوارچێوە و خودی وشەکە بونیان نییە، لە ئێستای کۆمەڵگەی کوردیشدا تا ڕادەیەکی زۆر ئەم دیاردەیە بەرەو نەمان ڕۆیشتووە، بۆیە وشەی (بەربوك) نەماوە.

2_ "چوارچێوەکان تێروانینی ئاخێوەر نیشان دەدەن"(باپیر،2021:117)، واتە ڕوانگەی تاك جێگەی بایەخە، بۆ نموونە بۆ گوزارشت لە چەمکی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان (عێراق_ئێران) لە ڕوانگەی ئاخێوەرانەوە دەکرێت بە چەند شێوەیەك گوزارشتی لێبکرێت، وەك لە نموونەی (25)دا ڕوندەبێتەوە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

25_ أ. لە شەڕی عێراق ئێراندا ماڵمان وێران بوو.

ب. لە شەڕی قادسیەی سەدامدا قوربانی زۆرمان دا.

لە ڕستەی (25_أ.ب.پ)دا هەر یەکەیان ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی ئاخێوەرن بۆ گوزارشت لە هەمان چەمك بەكارهاتوون. ڕستەی (25.أ) ڕەنگدانەوەی ئاخێوەرێکی کوردە، کە چۆن گوزارشت لەو چەمکە دەکات، ڕستەی (25.ب) تێڕوانینی کەسێکە، کە پاشخانێکی بەعسی هەیە (کورد/عەرەب). ئەمەش جیاوازی دیدگای قسەکەران ڕوندەکاتەوە، ئەگەرچی توخمەزمانییەکان خاوەنی دارشتەیەکی تا ڕادەیەك وەك یەکن، واتە "وشەکان تەنها چەمکە تاکگەراییەکان هایلایت ناکات/زەق ناکاتەوە، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا گۆشەنیگایەکی/پەیپێردنێکی بێگومانی دیاریدەکات لە ڕوانگەی ئەوەی لە چ چوارچێوەیەکەوە لە چەمکەکە دەڕوانرێت"(قادر،2024، وانەکانی خوێندنی باڵا/دکتۆرای زمان)، یان وەك (Fillmore,1982:125) ئاماژەی پێدەکات "زۆرجار دەتوانرێت، کە هەمان ئەو ڕاستییانەی پیشان دەدرێت لە ناو چوارچێوەی جیاوازدا بخرێنەڕوو" ئەمەش گوزارشت لە دیدگای تایبەتی تاکە کەسەکان و بەراوردی چوارچێوەکان دەکات، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زمانی مرۆڤیشە، کە فیلمۆر بە سروشتی زمان ناوی دەبات.

3_ دۆخێك دەکرێت بە چەند شێوەیەك لێکدرێتەوە، ئەمەش هۆکارە هەڵبژاردنی دانە زمانییە جیاوازەکانە "لەو بارەدا، کە دۆخێك بە چەند چوارچێوەیەك دەربڕدرێت، وشەکە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنمان لەو دۆخەی بە چوارچێوەکە سپێردراوە"(مهند،81:1402)، کە لە نموونەی (26)دا ڕوندەبێتەوە:

26_ ئارەزو زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئاودا ناکات.

ڕستەی (26) دەکرێت لە چەند ڕوانگەیەکەوە بێتە بەرچاو، لەوانەیە مرۆڤێکی دیندار بێت و باوەڕی بە زیادەڕۆیی نەبێت، کەسێکی تێگەیشتوو و ڕۆشنبیرە، یان لەوانەیە کەسێکی ڕەزیل بێت و نەیەوێت پارەیەکی زۆری بۆ بێتەوە، هەر یەکێك لەمانە سەر بە چوارچێوەیەکی جیاوازن، واتایەکیان ئەرێنییە و واتایەکیان نەرێتییە.

4_ چوارچێوەکان لەگەڵ ڕەوتی گەشەسەندندا دەگۆڕێن، یان "زۆرجار بۆمان دەردەکەوێت، کە ناوی شتە تەواو ئاشناکان لە سەر ئێمە گۆڕاون و ئێستا بانگهێشتکراوین بۆ ئەوەی ئەم شتە ئاشنایانە بە دیدگایەکی نوێ ببینین"(Fillmore,1985:238)، بۆ نموونە زانینی چەمکی کات تا چەند ساڵێك پێش ئێستا بە کاتژمێری ئاسایی بوو، بەڵام ئێستا دەربڕینێکی وەك نموونەی(27) شوێنی ئەو چەمکەی گرتووەتەوە:

27_ کاتژمێری زیرەك

بەکارهێنانی ئەو چەمکەش لە سەر بنەمای پێشبینی کردنی قسەکەر بۆ تێگەیشتنی گوێگرە، پێیوایە گوێگر بە هۆی بونی فۆرمی (مۆبایلی زیرەك) پێشبینی ئەوە دەکات لە ئاوەزی گوێگردا بەکارهێنانی هەبێت "ئەمە حاڵەتێکی ڕونە لە پیشاندانی چوارچێوە، نەك زانینی پۆلی ئەو شتانەی، کە لە لایەن وەسفەکانەوە دیاریکراون"(Fillmore,1985:238). بەمەش وشەکە بۆ تێگەیشتنی گوێگر یارمەتیدەرە، دەزانێت واتای (کاتژمێری زیرەك) چییە، لەگەڵ وشەیەکی تری هەمان چوارچێوە بەراوردی دەکات، یان چەمکێکی وەك:

28_ شەوارە

لە زمانی کوردیدا پێشتر پەیوەست بوو بە بۆنەی منداڵی تازە لەدایکبوو، بەڵام ئێستا وەك جۆرێك لە جنێو، یاخود سوکایەتی بەکاردێت، وەك کاتێك کەسێك خۆی بکێشێت بە شتێکدا، گوێمان لە ڕستەیەکی هاوشێوەی (29) دەبێت:

29_ شەوارەتە نابینی.

5_ پەیدابوونی هەر چوارچێوەیەکی نوێ کاریگەری لە سەر گۆڕینی ڕەوت و چوارچێوەی وشەکانی زمانیش هەیە "کاتێك چوارچێوەیەکی نوێ سەرهەڵدەدات، زۆر کات وشە بەردەستەکانی زمان بۆ ناو چوارچێوە نوێیەکە دەگوازرێنەوە"(Lee,2001:10)، وەك لە وشەیەکی هاوشێوەی نموونەی (30)دا دەردەکەوێت:


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص: 34-51
المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

30_ مانگرتن

لە سەرەتادا لە ناو چوارچێوەی ئاژەڵی ڕەشەوڵاخدا چالاك بووە، كاتێك ئاژەڵێك پێی دەچەقاند و جوڵەی نەدەكرد، دەگوترا مانی گرتووە، بەڵام لە ئێستادا لە ناو چوارچێوەی چالاكییە مەدەنییەكانی وەك (خۆپیشاندان، گردبونەوە، ناڕەزایی دەربڕین) هەژماردەكرێت، بە تایبەت لە زمانی كوردیدا دوای ڕاپەڕین زۆر چالاك بوو. ئەگەرچی لە ئێستادا شێوازی مانگرتنەكە تا ڕادەیەك گۆڕاوە، بەڵام چەمكەكە بە نزیكەیی هەمان چەمكە، ئەم گۆڕینی چوارچێوەیە تا ئاستێكی دیاریكراو كاریگەری لە سەر گۆڕینی واتای وشەكە هەیە، كەواتە دەبێت ئاگاداری ئەوەبین، كە هەرگیز چوارچێوەكان بە تەواوی پڕنابن، واتە ناتوانین پۆلێنێكی ورد، لیستێكی تەواو و بێ گۆڕانی چەمكەكانی پەیوەست بە چوارچێوەیەك دابینبكەین.

(فیلمۆر) باوەڕیوایە چوارچێوەكان هۆكارێكی گرنگی وەرگێڕانن و بۆ وەرگێڕ یارمەتیدەرن، بە بەكارهێنانی هەندێك فۆرمی زمانی پەیوەست بەو چوارچێوەی جێگەی باسە، بۆ نموونە دیمەنی گفتوگۆی نێوان دایك و ئەندامانی خێزان بهێنە بەرچاو، گفتوگۆی لە شێوەی ڕستەی (31)ی لێدەكەوێتەوە:

31_ بۆ بەیانی شلەی قەیسی لێدەنێم.

ئەم ڕستەیە لە ناوەڕۆكەكەیدا باسی (جەژن) ناكات و ئەو زانیارییەی پێنەداوین، بەڵام لە كاتی وەرگێڕاندا، ئەگەر وەرگێڕ شارەزایی كلتوری هەبێت، دەزانێت فرێزی (شلەی قەیسی) ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە چوارچێوەی جەژنەوە، لە ناو جەژنەكانیشدا دەچێتە چوارچێوەی جەژنە ئاینییەكانەوە، لە چوارچێوەی ژەمەكانی خواردنیشدا بە پێچەوانەی ڕۆژانی تر، لە ژەمی بەیانیاندا لێدەنرێت.

(Fillmore,1977:63) وایدەبینێت "مرۆڤەكان لە فێربونی زمانێكدا دێن هەندێك دیمەن بە هەندێك چوارچێوەی زمانییەوە گرێدەدەن بۆ ئەوەی ئاسانتر دەستیان بە توخمە زمانییەكانی گرێدراوی ئەو چوارچێوەیە بگات، هەروەها ئەو واتایەی توخمە زمانییەكان بەرجەستەی دەكەن لە دەقەكاندا، چوارچێوەكان مەبەستیانە ڕونی بكەنەوە، كە چۆن لێكدانەوەكانی دەقەكان دەتوانن زۆر لەوە زیاتر بڵێن، كە دەقەكە بە شێوەیەكی ڕستەیی دەیڵێت " بە هۆی بەكارهێنانی زمان و ڕەنگدانەوەی كلتور لە ناو زماندا بە شێوەی جۆراوجۆر لە ناو دەقەكاندا بەرجەستەدەبن، ئاماژە و كۆدەكانی دەق لە ڕێگەی چوارچێوەكانەوە ڕونتر مەبەست دەگەیەنن، بەڵام سەرجەم بەشە پێكهێنەرەكانی دەقەكە هاوبەشی پێكهێنانی دیمەنەكە دەكەن، لە لایەكی ترەوە (فیلمۆر) ئاماژە بەوە دەكات هەندێ چوارچێوە هەن سروشتین، بۆ نموونە ئەندامەكانی جەستەی مرۆڤ، بەڵام هەندێك چوارچێوە لە ڕێی ئەزموونە دوبارەكانی ژیان و مامەڵەوە دەتوانین بیانناسینەوە، بۆ نموونە كەرەستەكانی ناو بواری بیناسازی وەك (پلێت، چفت، شمشە، تەرازو، گۆنیا) بەدەر لە ئەزموون و مامەڵە ناتوانین لێیان تێبگەین و ئەرك و شێوەیان بزانین، واتە چوارچێوە بەشێك لە داڕشتەی كۆزانیارییە و لە خزمەت تێگەیشتندا بەكاردێت، هەروەها "نابێت چەمكی چوارچێوە بەو واتایە وەربگیرێت، كە مەرجە سنورێكی دیاریكراو هەبێت لە نێوان ئەو توخمانەی دەبنە بەشێك لە چوارچێوەی واتایی وشەیەكی دیاریكراو و ئەوانەی نابنە بەشێك لێی"(Lee,2001:8)، چونكە دواجار هەموو ئەو فەرهەنگە ئاوەزییەی كەسێك هەیەتی بەشێكن لە زانیارییەكانی چوارچێوەكان، تەنیا ئەوەندە هەیە هەندێكیان دەستبەجێ تر و زوتر بە چەمكێكی دیاریكراوەوە پەیوەست دەبن و ڕادەی چالاكبوونیان زۆرترە.

لە سیمانتیكی چوارچێوەییدا وەسفكردنی كۆزانیارییەكانی واتای وشە، داڕشتە ڕێزمانییەكەی، لێكدانەوەی واتایی جێگەی بایەخە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سروشتی ئینسكلۆپیدی بۆ وەسفكردنی واتای دانە زمانییەكان بە گرنگتر دادەنێت، تا ئەوە ڕونبكاتەوە زانیارییە هەمە چەشنەكانی ئەو فۆرمانە چۆن پەیدادەبن، چونكە سیمانتیكی چوارچێوەیی "یەكەكان و پۆلەكانی زمان وەك ئەوە دەبینێت، كە بە پلەی یەكەم بۆ خزمەتكردنی ئامانجەكانی پەیوەندیكردن و تێگەیشتن هاتوونەتە ئاراوە"(Fillmore,1985:233). خودی تیۆرەكە نواندنە واتاییە جیاوازەكانی توخمەزمانییەكان دەكاتە چەقی كاركردنی، (فیلمۆر) هەوڵدەدات زۆرترین لێكدانەوەی واتایی بدرێت بە یەكە زمانییەكان، دەكرێت چوارچێوە بكرێتە هۆكارێك بۆ تێگەیشتن لە سروشتی گروپێكی قسەكەرانی زمانێك، تا بزانین ئەو گروپە بە چ ڕێگایەك پۆلی توخمە زمانییەكان دروستدەكەن و چ دانەیەكی زمانی نمایندەی ئەو پۆلە دەكات؟ تەنانەت (فیلمۆر،1985) هۆكاری پەیوەندییەكی سەركەوتوو، هەروەها بەرهەمهێنانی تێگەیشتن بە چوارچێوەی واتاییەوە گرێدەدات، دەكرێت دەربڕینەكان جێگەی سەرنجمان بن لەو ڕووەوە، كە قسەكەر بۆ گوزارشت لە بابەتێك، یان بارودۆخێك لە ناو ئەو توخمە زمانییانەی سەر بە پێڕەوی چوارچێوەكەن بۆچی ئەو یەكەیەی هەڵبژاردووە؟ ڕێگە خۆشكەرە بۆ تێگەیشتن لە ئاستی ڕۆشنبیری و لایەنی دەرونی، تێڕوانین، خەیاڵ و بیروباوەڕی قسەكەر"من بەنیازم چوارچێوەی وشە بۆ ئاماژەدان بە هەر سیستەمێكی


Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

هەڵبژاردنی زمانەوانی بەکاربهێنم"(Fillmore,1977:63) بۆ نموونە بۆ گوزارشت لە چەمکی کەسێك سەرقاڵی خوێندن بێت، بەم جۆرە گوزارشتی لێدەکرێت:

32_أ.خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان دەرماڵە وەردەگرن.

ب_قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان دەرماڵە وەردەگرن.

لێرەدا چەمکەکانی (خوێندکار، قوتابی) ئاراستەی بیروبۆچونی سیاسیی قسەکەر بەردەست دەخات. فیلمۆر ئەم دۆخە وا لێکدەداتەوە، کە لە ڕوانگەیەکی خۆکارەوە فۆرمە زمانییەکانی پەیوەست بەم ڕوانگەیەوە بە ئاسانی چوارچێوەکان بۆ بەرانبەر بەرجەستەدەکەن، ڕاستەوخۆ واتای وشەیی لە ڕستەکانەوە هەڵدەهێنجرێت، ئەگەرچی "بەگشتی چوارچێوە خۆی لە خۆیدا ئەوە نییە، کە وەك واتای وشەیەك بیری لێدەکرێتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بۆ تێگەیشتن لێی زۆر گرنگە"(Lee,2001:8)، بۆ نموونە وشەی:

33_شەمەندەفەر

لە ڕێگەی تێگەیشتن لە چوارچێوەی هۆکارەکانی گواستنەوە واتادارە، هەموو ئەو چەمکانەی لە چوارچێوەیەکدا کۆدەبنەوە، کۆبونەوەیەکی ئارەزومەندانە نییە، بەڵکو پەیوەستبونێکی ناچارییە بە چوارچێوەکەوە، هەروەها فراوانبوون و گۆڕینی چوارچێوەکەش بە هەمان شێوەیە، چونکە خودی چوارچێوەکان و ئەندامەکانی سەر بە چوارچێوەکە بەرهەمی هەڵهێنجانی واتا و ڕوانگەی پەیپێبردنی مرۆڤەکان و کۆزانیارییەکان، پێواژۆکانی درکپێکردن، بەراوردکردن و هاوتاکردنن. هەموو ئەمانەش لە خزمەتی پرۆسەی پەیوەندیکردن و تێگەیشتندا کۆدەبنەوە، (Lee,2001:116) باوەڕیوایە "گۆڕانی زمان لە گۆڕینی چوارچێوەوە دەستپێدەکات" بە تایبەت بەهۆی پاڵنەری گەشەی کلتوری و تەکنەلۆژی، ئەگەری گۆڕانکای لە زماندا هەیە و خاڵی دەستپێکیش گۆڕانی چوارچێوەکانە، جا یان چوارچێوەکە فراواندەبێت، یان چوارچێوەکە دەگۆڕێت و بەرتەسکدەبێتەوە، یا وێناکردنەکە لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێت، بۆ نموونە پەیوەست بە کلتوری کۆنی کوردی سەرنجی نموونەی (34) بدەین، وشەکانی وەك:

34_ لۆتی/ چاوەش

ئەم وشانە لە کۆندا بە هونەرمەندان و گۆرانیبێژان وتراوە، کە ئەم چەمکانە لەگەڵ خۆیاندا واتای سوکایەتی و بێڕێزییان دەگەیاند، بەڵام ئێستا گۆڕاوە بۆ چەمکی (گۆرانیبێژ، هونەرمەند، بەندبێژ). وەك فیلمۆر جەختی لێدەکاتەوە خودی کارەکتەر و پیشە و واقعەکە نەگۆڕاوە، بەڵکو "ئەوەی گۆڕاوە (لە هەندێك لە قسەکەراندا) وێناکاری بنەڕەتییە"(Fillmore,1982:126)، هەروەها فیلمۆر تێبینی ئەوەی کردووە، کە جیاوازییە زمانییەکانی نێوان دوو زمان بۆ جیاوازیی بری ئەو زانیارییەی لە چوارچێوەکەدا دیاریکراوە دەگەڕێتەوە.

ئەنجام

1_ چوارچێوەی واتایی هۆکارێکی گرنگی تێگەیشتن لە چەمك و دەربراوە زمانییەکانە، چونکە بەهۆی ئەوەوە لە واتای ئینسکلۆپیدی وشەکان تێدەگەین و دەزانین ئەو وشەیە لە کام چوارچێوەدا بەکارهاتووە. بە تایبەت لەو وشە و دەربڕاوانەی، کە میتافۆریانە بەکارهاتوون.

2_ چوارچێوەکان ڕونکەرەوەی مەبەست و نیازی قسەکەرن، هەروەها بەهۆیانەوە دەتوانین لە بیروباوەڕ و تێڕوانینی ئاخێوەر تێبگەین. ئەویش بەهۆی هەڵبژاردنی ئەو توخمە زمانییانەی، کە لە چوارچێوەیەکدان، بەڵام لە ڕوانگەی خۆیەوە لە نێوانیاندا هەڵبژاردن دەکات.

3_ ئەم مۆدێلە لە تێڕوانین بۆ وشە دەتوانێت ڕوانگەیەکی نوێ بۆ تێگەیشتن لە توخمە زمانییەکان بکاتەوە، چونکە چوارچێوەکان یارمەتیدەرن بۆ گەشەکردنی فەرهەنگ و داتاشینی واتای نوێ لە هەمان ئەو وشانەی لە زمانەکەماندان و بۆ دیاردەی نوێ بەکاردێن. ئەویش لە ڕێگەی گۆڕینی چوارچێوە، یاخود هاتنە ناوەوەی چوارچێوەی نوێ بۆ ناو زمانەکە. یارمەتیدەرە لە خستنەڕووی چۆنێتی دروستکردنی وشە و فرێزی نوێ


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

4_ چوارچێوەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە پێداویستییە سینتاکسییەکانی کرداردا دەبینن و فریزە سەرپشکی و بەخورتییەکانی کردارەکان دیاریدەکەن.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی

1_ ئەحمەد، تریفە عومەر، (2013)، پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکان، نامەی دکتورا، بڵاونەکراوە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
2_ باپیر، دلاوەر شەریف، (2021)، شیکردنەوەی تۆری واتایی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی واتاسازی زانینییەوە، چاپی یەکەم، کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدی خانی.
3_ حمە امین، تانیا اسماعیل، (2024)، ڕۆڵی دەوروبەر لە ڕۆنان و واتای ڕستە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتورا، بڵاونەکراوە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی
4_ سەعید، یوسف شەریف، (2009)، دۆخەکانی ژێرەوە لا فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوری، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
5_ غەریب، نالی ئەدهەم، (2016)، درکپێکردنی میتۆنیمی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
6_ قادر، کاروان عمر، (2023_2024)، وانەکانی خوێندنی باڵا/ماستەری زمان، وانەکانی تیۆرییە زمانەوانییەکان، سمستەری یەکەم.
7_ قادر، کاروان عمر، (2023_2024)، وانەکانی خوێندنی باڵا/دکتورای زمان، وانەکانی زمانەوانی درکپێکردن، سمستەری یەکەم.
8_ مەحمود، ئاڤێستا کەمال، (2012) پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتورا، زانکۆی سلێمانی.
9_ محمد، فیصل غازی، (2015)، دۆخی ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین.

### بە زمانی فارسی

1_ روشن، بلقیس، اردبیلی، لیلا، (1399)، مقدمەای بر معناشناسی شناختی، چاپ سوم، نشرعلم، تهران.
2_ مهند، محمد راسخ، (1402)، درامی بر زبان شناسی شناختی، چاپ گلها، چاپ نوم، تهران.
3_ لیکاف، جورج، ترجمە میرزا بیگی،جیهان شاه، (1403)، دە سخنرانی در باب زبان شناسی شناختی، انتشارات اگاه، تهران، چاپ یکم.
4_ رحمتی نژاد، لیلا، عاصی، سید مصطفی، فامیان، علی رضا قلی، قیومی، مسعود، (1398)، تحلیل معنایی فعل(گفتن) در چارچوب نظریە معناشناسی قالبی، يك بررسی پیکربنیاد، مجلە جستارەهای زبانی،1398، دورە 10، شمارە (4).
5_ موسوی، سید حمزە، (1398)، نگاهی بینازبانی بە هم معنایی نزيدك در فعلهای دیداری زبانهای فارسی،انگلیسی، المانی، فرانسە، بر پایە نظریە معناشناسی قالبی، فصلنامە علمی، پژوهشی زبان پژوهی دانشگاه الزهرا، سال یازدهم، شمارە (30).
6_ محمدی، مریم،زراعی،امین، شریف زادە، محمد حسین، جدیدی، اسماعیل، (1401)، تحلیل معنایی برخی افعال لری و ممسنی برمبنی رویکردە معنی شناسی قالب بنیاد، فصلنامە ادبیات و زبان های محل ایران زمین، سال دوازدەهم، شمارە دوم، تابستان 1401، شمارەی پیوستە 36.

### سەرچاوە ئینگلیزییەکان

1_Boas H C and Dux, R, (2017), Frame the past in to the present. From case to frames to semantics frame, in linguistic Vanguard,2017. 1-14. DOI:10.1515 /Lingvan-20016-003
2_Boas C Hans, (2020), Aroad map Twoards determining universal status of semantic frames, The University of Texas at Austen.
3_Croft, William and Cruse, Alan, (2004), Cognitive linguistics, Cambridge University press.
4_Fillmore, C, J, (1982), the Frame Semantics, Linguistics society of Korea, Linguistics in the morning calm, Seoul; Hanshin Publishing Co

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

5_Fillmore, C, J, (1968), The Case for Case, In: E. Bach and R.T. Harms (eds) University in Linguistics Theory. London: Holt, Rinehart and Winston, pp.1_25(part Two).

6_Fillmore, C, J, (1976 b), Frame Semantics and the Nature of language, University of California Berkeley.

7_Fillmore, C, J, (1977), Scenes and Frames semantics, Linguistics Structures Processing, North-Holand Publishing Company, Amsterdam

8_Fillmore, C, J, (1985), Frames and the Semantic of understanding. Quaderni di Semantic. Vol, VI.

9_Fillmore, C, J, and, Atkins, B, T, (1992), "Toward a frame_ based Lexicon the Semantic of RISK and its neighbors". In a lehrer and E, Kittay, Frames, Field, and Contrasts (75_102), Hillsdale, NJ: Lawrence Elbaum Assoc

10_Fauconnier, G, (2007), Mental Space, In Geeraetrs, Dirk, and Cuyckens, Hubert, (2007), Cognitive Linguistics, Oxford University Press.

11_Gawron, Jean, Mark, (2008), Frame Semantics. San Diego State University.

12_Lee, David, (2001), Cognitive linguistics an introduction. oxford university press. first published.

13_Petruck, Mariam. R. L, (1996), Frame Semantics. Handbook of Pragmatics. Philadelphia.

14_ Roth, Michel, (2008), Representing frame net in semantic space, SAASRLNDS DES University, Master.

15_Seyed, Jalali, Badri, (2011), A Frame Semantic Approach to the Study of Translation Cultural Scripts in Salinger's Franny and Zooey, TARBIAT MOALLEM University of Tehran, Master.

16_Salih, Bahra, Raouf, (2024), Conceptual Mapping in English and Kurdish Electoral Speeches, University of Sulaimani, PHD.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)